

# ئەكادێميا

د. سەپان

**وشەی** ئەكادێميا، لە ئينسكلۆپێدياى روسى بەم شێوەی خوارەوە ڕوون كراوەتەوە:

ئەكادێميا قوتابخانەيەكى فەلسەفەيە و لە دەوروبەرى سالْى 387 پێش زاين لە لايەن پلاتۆنەوە دامەزراوە. ئەو ناوەشى زياتر بەسەر چەسپا، چونكە ئەم قوتابخانەيە لە نزيك گومناسيۆم (ئامادەيى) جەماوەرى بوو. پلاتۆن لەم قوتابخانەيە، بەردەوام وانەى فەلسەفەى بۆ قوتابيان و گوێگرانى دەگوتەوە. لەم خوێندنگەيە جگە لە وانەى فەلسەفە، پلاتۆن بايەخى زۆر بە زانستى: ماتماتيك، گيۆمەتر، ئاسمان ناسيش دەدا.

ئەكادێميا نزيكەى 900 سالْ لەسەر كارەكانى بەردەوام بوو، تا سالْى 529 ى زاينى بەفەرمانى پاشاى ئەو كاتەى يۆنان، يوستينين ئەكادێميا داخرا.

**وشەی ئەكادێميا**

ئێستا وشەى ئەكادێميا دەكرىٚ وەك دەزگايەك ناو بنرێت، كە كۆمەلْە كەسانێكى پسپۆر لە بوارى جيا جيا، بە تايبەتيش لەسەر زمان، كارى تێدا دەكەن. كارى ئەندامانى ئەم دەزگايە، يەكلا كردنەوەى زمان و زاراوەكانييەتى بەگشتى و بە نيسبەت كورديشەوە، بە ستاندارت كردنى زمانى كوردى و دانانى فەرهەنگ و ئينسكلۆپێدياية.

**ئەكادێمياى روسيا**

ئەكادێمياى روسيا، لەسەر فەرمانى پيۆترى يەكەمى ئيمپراتۆرى روسيا لە سالْى 1724 دامەزرا.

لە 21 ى تشرينى دووى سالْى 1991، بە فەرمانێك لەلايەن سەرۆك كۆمارى روسيا، بۆريس يەلسن، ئەم دەزگايە (ئەكادێمياى زانستى روسيا) وەك: بەرزترين دەزگاى زانستى روسيا پێناسەى كرا و شەرعيەتى پێدرا.

ئەكادێمياى زانستى روسيا، ميراتگرى ئەكادێمياى زانسى سۆڤێتى كۆنە.

ئەكادێمياى زانستى روسيا، سالأنە ڕاپۆرتى خۆى پێشكەش بە سەرۆك كۆمار و حكومەتى روسيا دەكات. لەم راپۆرتەش باس لە كار و ئەنجامەكانى ئەكادێميا دەكرێت. جگە لەوەش پێشنيار لەسەر بايەخدان بە هەندێك زانستى تايبەت، كە لە داهاتوودا خزمەت بە گەلانى روسيا دەكات، پێشكەش دەكات.

پاش نەمان و روخانى يەكێتى سۆڤييێت، ئەكادێمياى زانستى، تووشى گرفتى زۆر هات. هەندێك هەولْيان دەدا، ئەكادێميا وەك ئەو ئينستيتوتە كۆمەلأيەتييەى هەبوو، نەيهێلْن و لە جياتى ئەم، چەند كۆمەلْەيەك دروست بكەن. هۆى ئەم دابەش كردنەش، زۆر جار، وەك تێگەيشتن لە ديموكراتييەت بوو، بێئەوەى ئەو كەسانە هەست بە هيچ بەرپرسييەك بكەن. بەلأم ئەوەى ئەكادێمياى وەك خۆى و بەو شێوە زانستييە هێشتەوە، ئەوا فەرمانى سەرۆك كۆمارى روسيا بۆريس يەلسن لە 21 تشرينى دووى سالْى 1991 بوو. هەر بەم فەرمانەش، ئەكادێمياى زانستى روسيا، بووە ميراتگرى ئەكادێمياى زانستى يەكێتى سۆڤييێت. لەو كات، ئەگەرچى ولأت بە گەورەترين قەيرانى: ئابوورى، كۆمەلأيەتى، دەروونى دەڕۆيشت، لەگەلْ ئەوەش توانيان ئەكادێمياى خۆيان بپارێزن.

لە سەدەى هەژدە، زۆربەى ولأتانى ئەوروپا، خاوەنى ئەكادێمياى زانستى خۆيان بوون.

**ئەكادێمياى سويد**

لە ولأتى سويد لە 20 ى ئازارى 1786 نامەيەك لە پەرلەمان دەخوێندرێتەوە. ئەم نامەيە لەلايەن پاشاى ئەو كات، گوستاڤى





سێ نووسرابوو. لەم نامەیە گوستاڤ داوای دامەزراندی 18 کەس بۆ باشترکردنی زمانی سویدی دەکات. ئەم دەستەیەش هەر لەو کات ناوی: "ئەکادێمیای سویدی" لێنرا. لەیەکەم نامەی گوستاڤ ناوی 13 ئەندام بۆ ئەم ئەکادێمیایە پێشنیار کرابوو. لە 5 ی نیسان شوێنیان لە نزیك کۆشکی پاشا بەناوی: "بێشهوسێت" لە گەملەستان پێدرا.

زۆربەی بەرنامە و پلانی ئەکادێمیا لەلایەن گوستاڤی پاشا خۆی نووسرا. وەك گوتمان کاری سەرەکی ئەکادێمیا، پاکنووسی زمانی سویدی و دانانی فەرهەنگی زمانی سویدی، لەگەڵ نووسینی پەرتووك لەسەر ڕێزمانی زمانی سویدی بوو.

لە ڕاستیدا، گوستاڤ لە سەرەتا دەیویست 20 ئەندام بۆ ئەکادێمیاکەی دابنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی گوتنی بیست "شوگۆ"، بە زمانی سویدی، زۆر گەورە و کیبار نەدهاتە بەرچاو، هەژدەی "ئارتۆن" ئەو بە: "ئادرتۆن" ناوی دەبرد، هەڵبژارد. ئەم ژمارەیەش نیوەی ئەندامانی ئەکادێمیای فەرەنسا بوون، کە ژمارەیان 40 کەس بوو. تا ئەمڕۆش ئەکادێمیای سویدی لە 18 ئەندام پێك دێت.

**ئەلفرێد نۆبل**

ئەلفرێد نۆبل 1833–1896 پاش مردنی، موڵك وماڵێکی زۆری لەدوا بەجێما. ئەو لە وەسیەتنامەکەی نووسی، هەموو ساڵێك دەبێت چەند کەسانێك لە بواری ئەدەب، فیزیا، مێدیسین...هتد، خەلاّتی ئەویان پێببەخشرێت. هەڵبژاردنی ئەو کەسانەش بۆ خەلاّتی نۆبل، بووە کاری ئەندامانی ئەکادێمیای سوید.

ئێستا، ساڵانە نزیکەی 350 ناو پێش (1 ی شوبات) بەدەستی ئەکادێمیا دەگات. ئەو ناو و پێشنیارانە لەلایەن خەڵك و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان پێشنیار دەکرێن. کەس بۆی نییە، خۆی بۆ وەرگرتنی خەلاّتی نۆبل کاندید بکات. لە بەهاری هەمان ساڵ ناوەکان بۆ 15–20 کەس کەم دەکەنەوە. لە ئۆکتۆبەر (تشرینی یەك) یەك لەو ناوانەی زۆرتر لە نیوەی دەنگەکانی ئەندامانی ئەکادێمیا بهێنێت، خەلاّتی نۆبل بەو دەدرێت. خەلاّتی نۆبل، جگە لە وەرگرتنی دیبلۆم لەلایەن پاشای سوید، وەرگرتنی 10 ملیۆن کرۆنیشە. ئەو بڕە پارەیە دەکاتە نزیکەی یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دۆلاری ئەمریکی.

تا ئێستاش ئەکادێمیای سویدی لە 18 ئەندام پێك دێت. دە لەو ئەندامانە پرۆفیسۆرن و ئەوانەی تریش نووسەر و زانان.

**کۆڕی زانیاری کورد**

لە ئەنجامی خەباتی سیاسی کورد و ناچار کردنی حکومەتی کۆنی ئێراق، بە دانی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد، بڕیاری دامەزراندی ئەکادێمیا لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی ئەوکاتی کورد درا. ئەم دەزگایە بەناوی: "کۆڕی زانیاری کورد"، یەکەم کۆبوونەوەی لە 17–3–1971 لە بەغدا دەستپێکرد و سیانزە کەس وەك ئەندامی کۆڕ دامەزران. جگە لە ئەندامانی سەرەکی دوو ئەندامی شەڕەف لەگەڵ 27 ئەندامی یاریدەدەری هەبوون. هەر لە کۆڕ بڕیاری دامەزراندنی 10 لێژنەی جیا جیا وەك: لێژنەی زمان و زانستەکان، لێژنەی ئەدەبیات و کەلەپوور، لێژنەی زانستە کۆمەڵەکییەکان...هتد درا.

**کۆڕی زانیاری کوردستان**

کۆڕی زانیاری کوردستان، لە 28–11–2001 دامەزرا و 5 ئەندامی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ هەڵبژێردرا و لەلایەن ئەم پێنج ئەندامەش، شەش ئەندامی تر بۆ ئەندامێتی کۆڕ هەڵبژێردران.

**تێبینی:**

لە ڕاستیدا، وشەی کۆڕی زانیاری کورد یان کوردستان، وەرگێڕدراوی زمانی عەرەبییە و مانای تەواوی وشە ڕەسەنەکەی "ئەکادێمیا" نابەخشێت. بۆیە وەك زۆربەی دەوڵەتانی جیهان زۆر باشتر بوو ئەگەر "کۆڕی زانیاری کوردستان" تا زووە بە: ":ئەکادێمیای کوردستان" بگۆڕدرابا.

# ڕۆژنامەوانی کورد و سەردەمی نوێ

عەزیز وەلیانی

**ڕۆژنامەگەری** لە گوێن دیاردەیەکی سەردەمی پاش ڕێنیسانس، یان دەسکەوتی قۆناغی نوێ لە ئال و گۆڕییەکانی کۆمەڵگا، ڕەنگدانەوەیەکە لە پێوەندییەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی. بەم پێودانە باری ژیوپۆلێتیکی کوردستان و نەبوونی دەسەلاَت و دابەش کردنی لە نێوان: تورك . فارس . عەرەب، ڕۆژنامەی کوردی لە غەریبی و عەودالّی دا گوڕاوە و بەشێك لە ژیانی دەبەسرێتەوە بە مێژووی دیاسپۆرای کورد. بەواتایەکی تر ڕۆژنامەی کوردی چارەنووسی خۆی لە ناو ڕەهەندی سیاسەت دا بەدی کردووە و لە خزمەت بەرژەوەندی سەر بە ئایدۆلۆژیکی دیاری کراوی میللی دا سەری هەڵداوە و گەشاوەتەوە، چون هەستی بە تاپۆی "ترسی تێداچوون"ی نەتەوەکەی کردووە، تاپۆیەکی سامناك کە بەردەوام قورسایی لەسەر کەش و هەوای نیشتمانی لەت لەت کراودا کردووە.

تەنانەت پارادۆکسێك بەدی دەکرێ لە نێوان پێوەندییەکانی بەهێزی عەشیرەیی (وەك فرماسیۆنێکی تایبەت بە ڕۆژهەلاَتی ناوین) لە لایەك و سەرهەڵدانی ڕۆژنامە وەك برووسکەی سەردەمی نوێ لە لایەکی تر. بە بۆچوونێکی تر، پیتەکانی ناو جەریدەی کوردی لە گوێن ئەستێرەیەکی پرشنگدار بەردەوام لە قووڵایی ئاسمانی شەوەزەنگی کوردستان لە تروووسکانەوە دابووە. بە چەشنیٚ کە لە زۆر بارودۆخی بارناسکی مێژووی 108 ساڵی رابردوو، دەوری بەرچاویان هەبوو لە ئاشناکردنی جەماوەر بە مافە ڕەواکانیان و بردنە سەری پلەی هەستی نەتەوایەتییان. ئێستاش ئەم ڕەوتە لە کەش و هەوای کوردستانی باکوور و ڕۆژهەلاَت هەروا بەردەوامە، چون ئێستاش بە وتەی شاعیر:

*باڵی فڕین، دەنووکی هاوار کردن*
*زیاتر چەقۆم نزیك ئەکا لە گەردن*

یانی درکاندنی ئەم ڕاستییە، کە ڕۆژنامەوانی دەروەستی ئەوڕۆی کورد، میراتگری مێژووی پڕ هەڵس وکەوتی خەباتی ڕۆژنامەوانیە لە 108 ساڵی رابردوودا.

بەلاَم ئەمڕۆ لە سەرەتای هەزارەی سێهەما، دەبینین کە لە سایەی ڕەوتی خێرای ئالوگۆڕییەکانی سەردەمی نوێ لە هەموو بەستێنەکانی سەر بە ژیانی کۆمەڵگا، چ لە ئاستی جیهانی، چ لە ئاستی ناوچەیی و ناوخۆ، بزووتنەوەی میللی، قۆناغی "ترس لە تێداچوون"ی گواستۆتەوە بۆ ترسی "دەسەلاَت" لە خۆ سەلماندنی کورد لە ڕۆژهەلاَتی ناوین دا، هەروەها بە هۆی زۆر فاکتۆرگەلی تر کە لەم وتارە دا ناگۆنجیٚ، ڕووناکبیری دەروەست و سەربەخۆی کورد، ریٚ هەیە دوور لە پاوان و جەغزی ئایدۆلۆژیکی تایبەت و دیاری کراودا لە بەستێنی وتاری سیاسی، کۆمەلاَیەتی دا چالاکی بنوێنیٚ و دژ بە ناحەزان و گەندەڵی بوەستیٚ. ئەمە لە حاڵێك دایە کە بەشیٚ لە ئەدیب و ڕۆژنامەوانی کوردی ڕۆژهەلاَت بە پاڵپشتی بیرۆکەی خاوەن ڕایانی سەر بە قوتابخانە نوێیەکانی ڕۆژاوا، کە لە ناخی مۆدێرنیسمەوە سەریان هەڵداوە، لە سەر ئەم ڕایەن کە باسی ڕاستەوخۆ لە دەرد و ئازاری کۆمەلاَیەتی یان وتارگەلی سیاسی، بە چەشنێك دواکەوتوویی و سەلەف لە قەلەم دەدەن. وێڕای ڕێز و حورمەتم بۆ ئەم بلیمەتانە وەك دەنگی جیاواز و ڕێز لە ماف رادەربڕین، ئیزن بدەن پەردە لە سەر ئەم ڕاستیەش وەلادەین، کە لە هەل ومەرجی ئەوڕۆی ولاَت، کە ئێستاش دەسەلاَت لە پێناو حاشاکردنی "تۆ" وەك نەتەوەیەك، لە پێناو سڕینەوەی پێناسەی نەتەوەیی "تۆ"، بەردەوام لە هەوڵ وتیکۆشان دایە و هیچ مافێك بۆ تۆی کورد وەك هاوولاَتییێکی پلە یەك و یەکسان بە فەرمی ناناسیٚ و... دەروەست بوونی (تعهد) ڕووناکبیر و ڕۆژنامەوان لە ئاست مەبەستی سەرەکی و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەی چی لێدێتەوە؟ و زۆر پرسیاری تر.

جارێکی تر ڕێزم بۆ یادکردنەوەی 108مین ساڵی ڕۆژنامەی کوردی.

لەم ساڵیادە سەری کڕنۆش دادەنوێنم بۆ قەلەم، بۆ ڕۆژنامە و گشت ڕێڕەوانی بەستێنی ڕۆژنامەگەری کوردی.



# له تیشکه دره‌وشاوه‌کانی ئاژانسی UPI



ئا/ ئاشنا جه‌مال

ئاژانـــسی UPI ی نێـو ده‌وڵـه‌تی ، مـاوه‌ی ده سـاڵ جارێـک جـوانترین ڕێپۆرتـاژو بـه دواداچوونی ڕۆژنامه‌وانی له‌سه‌ر ئاستی جیهان هه‌ڵده‌بژێرێ و له ماڵپه‌ڕه‌که‌یدا له ژێر ناوی (به‌دواداچوونی دره‌وشاوه) بلآوده‌کاته‌وه.

ئـه‌و ڕێپۆرتاژانـه بـه جـوانترین تـه‌کنیکی ڕۆژنامه‌نووسی، یـان جـوانترین ڕوداوو، کـه چـاوی ڕۆژنامه‌نووس وێنای کردبێت ئه‌نجامدراون.

(کۆوار) هه‌م وه‌ک کارێکی ڕۆژنامه‌نووسی، هه‌م له پێناو ئاشناکردنی کادرانی نوێی میدیای کوردی به هونه‌ری ڕۆژنامه‌نووسی جیهانی، له هه‌ر ژماره‌یه‌کدا ڕێپۆرتاژێک له ئینگلیزیه‌وه ده‌کاته کوردی و بلآوی ده‌کاته‌وه، به‌و ئومێده‌ین ئه‌م پێنگاڤه سوود به‌خش بێت.

## مه‌لا عومه‌ر:

# له ژێر یاساکانی ئیسلام وێنه‌گرتن ڕێی پێ نه‌دراوه



**تیشکه دره‌وشاوه‌کانی 2001**
**قه‌نده‌هار _ ئه‌فغانستان _ 14 ی حوزه‌یرانی 2001**
**تایبه‌ت به ئاژانسی UPI**

**له لایه‌ن**
**( ئارنۆڵد دی بۆردگراف )**

( **ئوسـامه بـن لادن** ) وه‌ك ئـه‌وه‌ی کـه فتـوای جیهـادی به‌سه‌ر کوشتنی ئه‌مریکیه‌کان ده‌رکرد و فـه‌رمانی بـه ئیسلامیه‌کان دا شـه‌ڕی تـیرۆر به‌رامبـه‌ر وڵاتـه یـه‌ککگرتووه‌کانی ئه‌مـه‌ریکا بـه‌نێوی ( شه‌ڕی پیرۆز ) ئـه‌نجام بده‌ن. ئه‌مـه‌ش ووتـه‌ی سـه‌رکرده گـه‌وره‌کانی تاڵیبانه.

(بن لادن) ئـه‌و که‌سه شیاوه نیـه، کـه فـه‌توا ده‌رکـات وه‌ك ئه‌وه‌ی کـه ده‌یکـرد، هـه‌روه‌ك چـۆن دوانـزه سـاڵ لـه خوێنـدنی قورئـانی نه‌خوێنـدووه بـۆ ئـه‌وه‌ی ببێتـه موفتی، ئه‌مـه‌یان وتـه‌ی مـه‌لا محه‌مـه‌د عومـه‌ری ئه‌خه‌نده، کـه که‌سێکی ناسـراوه لـه نێـو ئه‌فغانیـه‌کان و بـه (ئه‌میری موئمینین) ناوی ده‌رکردووه.

عومه‌ر پیاوێکی (41) ساڵانه‌یه و نه‌رم ده‌ئاخڤێ و زۆر کـه‌میش قسه ده‌کـات، ده‌چـێته‌وه سـه‌ر ڕه‌حمـه‌توڵڵای هـاشمی و چـه‌ند زمانێـك ده‌زانـێ و (بـالیۆزی ئێسـتایه)، پروپاگه‌نـده‌ش هه‌یـه ببێتـه وه‌زیـری داهاتووی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌فغانستان.

ئـه‌و سـه‌رکرده کۆنـه چاوێکی هه‌یـه‌و، بالآی 6 پـێ و 6 ئینجـه، پێنج جاریش له شه‌ڕی دژ به‌داگیرکردنی سۆڤیه‌ت له ساڵی 1980 برینـدار کـراوه، هـه‌ر ئـه‌ویش لـه‌و شـه‌ڕانه‌ی دژ به‌ده‌سـته بـچووکه‌کانی ئۆپۆزسـیۆن ئـه‌نجام دران، ئه‌نـدازیاری نه‌خشه‌سازی سـه‌رکه‌وتنه‌کانی تاڵیبـان بـوو، کـه لـه دوای نه‌خشه‌سازیه‌که‌ی 1989 ی سۆڤیه‌ت هات.

عومه‌ر پێ له سه‌ر پێ، لـه ماڵێکی دروستکراو له قوڕ و ساده‌ی فـه‌رش ڕێـژکراو دانیشتووه، ماڵه‌کـه ده‌که‌وێتـه کۆتـایی ڕۆژئاوای شار، ده‌م و چاوێکی قێزه‌وه‌ن و ترسناکی هه‌یـه و (جامانه)ی لـه سه‌ر سه‌ر پێچ کردووه و به هـیچ جۆرێك بـه‌زه‌یی لـه ده‌م و چاوی بـه‌دی نـاکرێ، لـه‌وه ده‌چـێ لـه گۆڕه‌پـانی شـه‌ڕ دانیـشتبێ، لـه ده‌ستێکی ئامێری لاسلکی و له ته‌نیشتیشیه‌وه رادیۆ دانراوه.

ئێمه به‌رده‌وامین له شه‌ڕ، ئه‌مه وتـه‌ی عومـه‌ر پـور ئه‌حمـه‌دی شای مه‌سـعودییه، کـه ئه‌ندامـه لـه گرووپـی چـه‌ته‌کان (عـصابه)، کـه ئێـستاش ئـه‌و گرووپـه بـه سـه‌دان دێـی بـاکووری ڕۆژهـه‌ڵاتی ئه‌فغانستایان له ژێر ده‌ستدایه.

ڕۆژنامـه‌ی نێوده‌وڵـه‌تی وڵاتـه یـه‌ککگرتوه‌کان، شـان به‌شـان لـه گـه‌ڵ عومـه‌ر تـورابی مستـشار کـار ده‌کـات، ئـه‌م پیـاوه به‌ڕه‌چـه‌ڵه‌ك



پاکستانییە، بەڵام لە دایك بووی ئەمریکایە و کوڕی (ئەلاما ڕەشید تورابی)یە، کە لە ئەفغانستان و ئێران و پاکستان بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕێزی لێگیراوە.

مەلا عومەر بۆ ئاژانسی UPIی ڕوونی کردەوە، کە ڕژێمی تاڵیبان حەز دەکات ( شیکار کردن و شیکار نەکردنی ) کێشەی بن لادن روون بکاتەوە، لە بەرامبەریشدا چاوەڕێی ئەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات، گفتوگۆیەك بنیات بنرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو، کە ببێتە هۆی (ئاسانکردن و پاشانیش هەڵگرتنی سزاکانی un)، کە بوونەتە هۆی خنکاندن و کوشتنی خەڵك لە ئیمارات.

هەردوو کێشەی واشنتۆن و قەندەهار بەیەکەوە بەستراونەتەوە (کابوڵ پایتەختی ڕەسمییە)، قەندەهاریش ئەو شوێنەیە کە بەتۆزی پەنجا هەزار کەس خنکێنراوە و خەڵکانیش بە بێ یاسا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، ئەمیشیان پایتەختە دینیەکەیەتی، کە مەلا عومەر و 10 پیاوەکەی (مەجلیسی شورا) بەڕێوەی دەبەن.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەزگای پاراستنی ئەمریکا، بن لادن چەند ڕێنماییەکی دەرکردووە، کە دار و دەستەکەی بە فتوا وەسفی دەکەن، بەڵام مەلا عومەر دەڵێت (تەنها فقهیەکان دەتوانن فتوا بدەن). بن لادن موفتی نیە، بۆیەش هەموو ئەو فتوایانەی دەری کردووە، کاریان پێ ناکرێت و بەناشەرعی دادەنرێن.

مەلا عومەر ووتی ( بە بیر میوانەکانمان بێننەوە، کە لە ژێر یاساکانی ئیسلام وێنەگرتن ڕێی پێ نەدراوە)، بۆیەش هیچ وێنەیەکی مەلا عومەر نە لە جادە نە لە ماڵ نە لە دوکانەکان نابینرێن، تەنانەت عومەر لە کاتی سەفەریش دا بە ئۆتومبێلی جۆری لاندرۆڤەر، کە جامەکەی ڕەشن هاتوچۆ دەکات.

سەرکردە گەورەکەی ئەفغانستان ئەمەشی گووت، کە بن لادن بەهیچ جۆرێك ڕێگای پێنەدراوە پەیوەندی لە گەڵ میدیا و نوێنەرانی حکومەتی بیانی ببەستێ، لەگەڵ ئەمەش بن لادن لە ڕستەیەکی دا کە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی پار وتی و بەشێوەیەکی لۆکاڵی بڵاوکرایەوە کە ( ئەمیری باوەڕ داران حاکمە و ئەمیرێکی یاساییە و بە شێوەی شەریعەتی ئیسلامی خوا حوکم دەکات).

ئەمیری ئەفغانستان پێشنیارێکی پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دانیشتوانی کرد لە ڕێگەی سەفارەتی ئەمریکا و ئیسلام ئابادی پاکستان نێردرا، کە ئوسامە بن لادن بخەنە ژێر چاودێری تا چارەسەرێك بۆ کێشەکە ئەدۆزنەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك وەڵامی نەبوو.

هاشمی بە زمانێکی ئینگلیزی پاراو رونی کردەوە ( ئێمەش بە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەر وامان ڕاگەیاندوە، کە لە کۆتایی مانگی (9) بن لادن دادگایی بکرێ بۆ ئەو کارە ڕێپێنەدراوانەی کە ئەنجامی داوە، بەڵام بە داواکردنی بەڵگەی پەیوەندیدار بە کێشەکە و پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان. بۆیەش دادگا بۆ ماوەی سی ڕۆژ دانیشتن بەبێ پێشکەشکردنی هیچ بەڵگەیەك دژ بە بن لادن. دواتریش دادگا بۆ ماوەی (10) ڕۆژی دیکە درێژکرایەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا بەڵگە کۆبکاتەوە. بەڵام هیچ بەڵگەیەك دەستەبەر نەکرا، بن لادن بۆ کێشەی خۆی سوێندی بە قورئان خوارد، کە هیچ پەیوەندیەکی نییە بە تیرۆر و تەقینەوەکان. بەرپرسیاریش نیە لە هیچ ئەو تاوانانەی کە کەسانی تر ئەنجامیان داوە بۆیەش ناوهێنانی بن لادن بەتاوانبار، ئەوە ناگەیەنێ کە بەڕاستی تاوانبارە. هەروەها وتیشی کە (قورئان ڕێگەی نەداوە لە سەندنەوەی ژیانی ژن و منداڵ و پیر و ڕێگەی بەوەش نەداوە لە ململانێی شەڕ بەشدار بن)

مەلا عومەر وتی ( تەقینەوەکانی سەفارەتی ئەمەریکا لە کینیا و تانزانیا کرداری دڕاندانەن، کە دەبێت ئەنجام دەرانی دادگایی بکرێن، هەرچەندە ئەمریکا وتویەتی کە ئەو تاوانانە بە فەرمانی بن لادن ئەنجام دراون.

هاشمی ئەوەشی ڕونکردەوە کە کێشەکەی ئەمریکا دژ بە بن لادن (لە سەر نکۆڵی کردنی لە دانووسان بنیاد نراوە)، ئەو مەفهومەش لە ژێر یاسا نەناسراوە، یاساش ڕەش و سپییە و نکۆڵی کردنیش لە ڕێکەوتن دەبێتە هۆی گۆڕان بۆ خراپتر کە ئەمەش بەشێکی گرنگە لە یەکسانی.

لە ڕۆژی سێ شەممەدا دادگای (نیویۆرك) دادگایی عەرەبێکی سعودی بەبەندکردن دەردەکات، کە دەستی هەبوو لە هێرش و تەقینەوەکەی سەفارەتی ئەمریکا. لە گەڵ ئەمیش سێ پیاوی تریش دادگایی دەکرێن، کە یەکێکیان تانزانیایی و یەکێکی تریان دانیشتووی ئەمریکایە و ئەوی دیکەشیان دانیشتووی ئەردەنە، ئەمان هەموویان بە تاوانبار ناوزەد دەکرێن و چاوەڕێی سزان و هەمووشیان دانیان بەوە ناوە کە بە فەرمانی بن لادن جوڵاونەتەوە.

عومەر ئەوەی بە بیر ئاژانسی UPI هێنایەوە کە بن لادن لە سەرەتای ژیانی کرداری دروستکراوی ئەمریکا بوو، ئەمەش بەر لە هاتنە سەر حوکمی تاڵیبان بە (16) ساڵ.

پاش ئەوەی سۆڤیەت لە 1979/12/27 هێرشی کردە سەر ئەفغانستان، بن لادن لە نزیکەوە کاری لە گەڵ سعودیە و پاکستان و دەزگای پاراستنی ئەمریکا دەکرد، ئەمیش بۆ کۆکردنەوەی سەربازی نوێ لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان کە بە (موجاهدین) ناوزەد دەکران و بە (عەرەبی ئەفغانی) ناسرابوون.

هاندەران لە لایەن ئەو سایکۆلۆژیستانەی کە تایبەتمەندن بە بواری شەڕ لە CIA، پێیان وایە قورئان و ئاڵای ئیسلامی بوونە شمشێر و گوللەبەند دژ بە خوانەپەرست و کۆمەنیستەکان، پاش ئەوەی (موجاهیدەکان) فشاریان کردە سەر سۆفیەت لە (9) ساڵی شەڕکردن، نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو کارانەی ڕاگرت ( کە ئەمریکا و عەرەبی سعودیا بە ڕێژەی 50٪ تیایدا هاوبەش بوون) و بڕی تێچوونەکەی نزیکەی یەك بلیۆن دۆلار بوو لە ساڵێکدا. لەو کاتەشدا ئەفغانستان بە دانیشتووی (22) ملیۆن کەسەوە شەڕی وێرانەی کرد و بێکار مانەوە و هیچ هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نەنا، جگە لەو هەنگاوە لەناکاوانە نەبێت کە لە لایەن ئیدارەی بۆشەوە

ئەنجام دەدران.
پاش ئەوەی عێراق هێرشی بردە سەر کوێت، کارکردنی ئوسامە بن لادن ڕێگەیەکی تری گرتە بەرو سەرۆك بۆش توانی 29 نەتەوە رازی بکات بۆ هەنگاونانی حەوت سەد هەزار سەرباز بۆ هەرێمی خەلیج و زاڵ بوونیان بەسەر سوپای سەدام حوسێن.
کەسایەتیە رەسمیەکانی ئەفغانستان لە پاکستان، قسە بەبێ بەڵگە ناکەن، بن لادن ووتی تا ئەمڕۆش بڕوای وایە کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە ئەنقەست پیلانیان بۆ سەدام دانا و هانیان دا بۆ هێرش بردنە سەر کوێت، ئەمەش بۆ داگیرکردنی ئەو هەرێمەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام گەرەنتی ئەو نەوتە هەرزانە دەکات لە سعودیە.
دەزگای پاراستنی ئەمەریکا بڕوای وایە، کە لە نەوەدەکانەوە بن لادن تیۆرو تیرۆرستە جیهانیەکەی خۆی بەر فراوان کرد، کە ئەوانیش بربڕەکەیان بریتی بوون لەو شەڕکەرە کۆنە بێ هیوایانەی عەرەبی ئەفغان.
لە مانگی ئازار سەرۆکی پاکستان (جەنەراڵ پەروێز موشەرف) بە



UPI ڕاگەیاند کە بەکردارە ئەهریمەنەکانی بن لادن، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ئوسامە بن لادنیان کردۆتە پاڵەوان لە نێو ئەو موسڵمانانەی کە بیرو باوەڕی سەیر و کۆنیان هەیە).لەو کاتەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڕیاری دا گرنگی بن لادن کەم بکاتەوە. عومەر زۆر بە راشکاوانە حەزی ئەکرد هەمان شت بکات بەڵام باری سیاسی ڕێگەی پێ نەدا تاکو بەلایەنی کەمی ئەوانەی کە سەرنجی راکێشاون لێی پەست نەبن.
مەلا رەببانی محەمەد کە جێگای باوەڕ پێکردنە بە پلەی دووەم و پاڵپشتی تەواوی سەرمایەی دەکرد لە سعودیەی عەرەبیە و یەکێتی ئیماراتی عەرەبی، کە لە کۆتایی مانگی رابردوو کۆچی دوایی کرد بە نەخۆشی شێرپەنچە.
عومەر جەختی لەسەر ئەو هەڵبژاردنە قوڕسە کردەوەو وتی " هەڕەشەو سزاکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەرامبەر دەرکردنی ئوسامە لە ئەفغانستان، جێگای پرسیارە. ئوسامە کۆچڕەوێکی ئیمارەتی ئیسلامیەو ئێستا میوانی ئەفغانستانە، ئەگەر دەری بکەین یان بەندی بکەین، ئەوا دژی دەستوور و یاساکانی ئیسلام و ئەفغانستانە. " ئەگەر ئەمارەتی ئیسلامی و خەڵکی ئەفغانستان تەقدیری وەزعیەتی ئوسامە نەکەن، ئەوا چەند کێشەیەك دێنە ئاراوە".
هەروەها مەلا عومەر وتیشی کە " ئوسامە بن لادن پاڵەوانی ئەو شەڕە بوو، کە دژ بە سۆڤیەتی داگیرکەر کرا لەو وڵاتە، جگە لەمەش ئەو هیچ شتێکی دژ بە خەڵکی ئەفغانستان نەکرد. بۆیە ئێمە پەیمانێکمان بە نووسین و قسەکردن ئیمزا کرد سەبارەت بە دژایەتی نەکردنی ئەفغانییەکان، ئەویش پەیمانیدا کە رازی بێت، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە پەیوەندی نێوان ئەمارەتی ئیسلامی و نەتەوەکانی دیکە نەشلەژێ".
هەرچەندە نەوتراوە، بەڵام لەلایەن چەند سەرچاوەیەکی ئەفغانی نافەرمی سەلمێندراوە کە سەروەتی ئوسامە بن لادن (بە سێ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت). بەشێکی ئەو پارەیە کە (هەشتا ملیۆن دۆلارە) لە باوکە مودمین و سەرەڕۆیە سعودیەکەی بۆی ماوەتەوە.
هاشمی دەڵێت "کێشەی بن لادن لە راستیەکەی تەنها بیانوێکە، نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ ئازاردانی ئەفغانستان بەکاری دێنن. کە هەمیشە بە نەتەوەیەکی تیرۆرست تۆمەت باری دەکەن، ئەگینا بۆ بەڵگەیەك ناهێنن کە بەڕاستی ئوسامە بنلادن تۆمەت بار بکات؟".
" ئەو بەڵگەنامانەی کە ئەمەریکا سەبارەت بە تاوان و تیرۆری ئوسامە بن لادن پێشکەشیان دەکات، لە لایەن لێژنەیەکەوە دەبێت بخوێندرێتەوە، کە پێك بێت لە نوێنەری عەرەبی سعودیا و ئەفغانستان و وڵاتێکی ئیسلامی عەرەبی بێلایەن کە لە لایەن ئەمەریکاوە باوەر پێکراو بێت"، ئەمە رای (موشەرەفی)و دواین پرۆپۆزەلی ئەفغانیەکانە، کە لە دواین هەفپەیڤینی UPI لەگەڵ (موشورەفی) لە مانگی ئازار هاتە باسی لێوە کردن.
سعودیەی عەرەبی و یەکیەتی ئیمارەتی ئیسلام بە شێوەیەکی نهێنی پاڵپشتی بزوتنەوەی تاڵیبان دەکەن، ئەمەشیان بە یارمەتی دانی پاکستان لە بەرامبەر ئەو یارمەتیانەی کە دەبەخشنە ئەفغانستان.
بە پێی ئەو راپۆرتانەی کە دەستی ئاژانسیUPH کەوتوون، تاڵیبان بە شێوەیەکی بەرفراوان و سەرەکی پشت ئەستوورە بە یارمەتییەکانی پاکستان، ئەو یارمەتیانەش لە بتڵی ئاوەوە دەست پێدەکات بۆ نەوت و گاز و سوتەمەنی و تەنانەت تەلەفۆن و کەلو پەلی سەربازیش دەگرێتەوە، کە لە پاکستانەوە لە ڕێگەی (قوتەب_قەندەهار) و (پێشاوەر_ جەلال ئاباد) شتومەکەکان دەچن و دێن. لە لایەکە دیکەشەوە تا مانگی رابردوش کۆدی تەلەفۆنی ئەفغانستان لەسەر کۆدی پاکستان بوو، بەڵام ئێستا بۆ کۆدی (93) گۆڕاوە هەر چەندەتا ئێستاش کۆدی پاکستان بەکار دەهێنرێ.
داوا لە ئەمریکیەکان کرا، هێزی خۆی لە کابول بکشێنێتەوە، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو کە تاڵیبان چالاکیەکانی بەرپا نەکات، هاشمی دەڵێت "نەتەوە یەکگرتووەکان دەیانەوێ شەش سەد ئافرەتی ئەفغانی لە گۆڕەپانی شەڕ بکەنە سەرباز و خزمەت بکەن".
سەبارەت بەو پرسیارەی کە بۆ قوتابخانەی کچان ئاراستەیان کرا، وتیان "ئێمە تا ئێستا قوتابخانەی کوڕانمان کامڵ نییە، لە بیست ساڵەی شەڕ هەموو شتێك تێکوپێك شکێنرا، بۆیەش تا زووتر سزای ئەمەریکا لەسەرمان نەمێنێ، هێندە زووتر دەتوانین قوتابخانە بۆ کوڕو کچان دابین بکەین".



تاڵیبان، ئیدیعاکردنی جیهاد

با بچینه سەر مامەڵە کردنی ئافرەت لە ئەفغانستان، بە رای مەلا عومەر "ئەمەریکا چەند سەدەیەك لە پێش ئێمەوەن، ئەگەر بیانەوێ هەڵسوکەت و شێوازی ئافرەتی خۆیان بگوازنەوە ئەفغانستان، ئەوا ئێرە دەبێتە فەوزایەکی گەورە، چونکە خوڕەوشتی ئەمەریکا تووشی داڕمان بووە، هەروەك ئێمە دەست ناخەینە ژیان و نەریتی ئەوان، با ئەوانیش دەست نەخەنە ژیانی ئێمەوە، ئەگینا بۆ ئەمەریکا ناچێتە سعودیەی هاوپەیمانی، بۆ پەیڕەوکردنی شێوازی ئافرەتانی ئەمەریکا لە سعودیە؟. بەڕای مەلا عومەر تەلەفزیۆنەکان کاریگەری زۆر لەسەر رووخان و داڕمانی خەڵکی جێ دێڵن، بۆیە وتی ((هەوڵدە بیربکەیتەوە کە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە تەلەفزیۆنەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا چیان بەرهەم هێناوە و بەدرێژایی شەو تەنها سێکسیان نمایش کردووە، ئێستاش سێکس بۆتە بەشێك لە پڕۆگرامەکانیان، تەنها ئێران نەبێت، ئێمە دژی تەلەفزیۆن نین، بەلاّم دژی ئەو پیسیەیەنکه رووبەڕووی شەپۆلەکانی هەوا دەبنەوە. بەداخەوە سنوری ئێمە لە بەشی باکور لەگەڵ سوڤیەتی یەکدەگرێتەوە کە ئەو بەرنامانە وەردەگیرێت کە لە مۆسکۆ پێشکەش دەکرێت، کە بەتەنیا سێکس پیشاندەدەن، بۆیەش تاکە بەرنامەی باش، لە ئێرانەوە نمایش دەکرێن، بەلاّم تەنها ئەو تەلەفزیۆنەی ئێران ناتوانێ چاکسازی بەرهەم بهێنێ، مادەمەکێ کەناڵەکانی دیکە وەردەگرن، ئەگەر ئێمەش ئێستا کەناڵی تایبەت بەخۆمان هەبێ، تا کەناڵی دیکە ئامادەبێ، کەس ئەوەی ئێمە ناکاتەوە، ئەوەشتان بیرنەچێ کە یەکێتی سۆڤیەت پێش هێرشکردنەکەی 1979 دەیویست هەوڵی تێکشکانی بەرگری ئێمە بە کاسێتی ژنی جل کورت پیشانی ئێمە بدات کە ئەو دەمە لای ئەوانیش ئەو کاسێتانە زۆر جێگای قبوڵ نەبوون.

ئەو جلوبەرگە کورتانەی کە لە لایەن نا ئیسلامەکانەوە دەپۆشران، ئێمە بە رەوامان نەدەبینی، بۆیەش بڕیارەکە لە بەرژەوەندی هیندۆسەکان بوو، کاتێکیش ئێمە بۆ بنبڕکردنی ئەو بڕیارە کارمان دەکرد، دەیانگوت ئەوانە خوێن ڕێژ و دیکتاتۆرن، دەیانەوێ بە زۆری هیندۆسەکان لە کاتی نوێژکردن راپێچی مزگەوتەکانیان بکەن.

مەلا عومەر سەبارەت بە رووخانی پەیکەری بودا، کە تەمەنی 1500 ساڵە، وتی "ئەمە پەیامێك بوو بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی کە زیاتر گرنگیان دەدا بە ئاستی کۆمەلاّیەتی و بیریان لە ئازارەکانی خەڵکی ئێمە نەدەکردەوە کە بەدڵڕەقی و دڕندەیی سزاکانی ئەمریکا، سزادەدران. من لە ئەمریکابووم کاتێك بڕیاری رووخانی پەیکەری بودا درا، ئێمەیان بانگ کردەوە بۆ ئەفغانستان، بۆ ئەوەی داوا لەسەرەوە بکەین دووبارە لە بڕیارەکەی بڕوانێتەوە، بەلاّم ئێستا تێدەگەم کە بۆ قسەکەی منیان رەتکردەوە و پەیکەرەکەیان رووخاند)). مەلا عومەر دەموچاوەکەی پڕ لە شوێن برینی هەڵگرتووە، هەمیشە شانازی بەوەدەکات، کە لە شەڕەکانی دژ بە سۆڤیەتدا گەلێك تانکی تێك شکاندووە و جیهادی کردووە، ئەو (5) جار بریندارکراوە، جارێکیان لەکاتی تێکشکاندنی زرێپۆشێکی سۆڤیەتی چاوی راستی لەدەست داوە، هەروەها دووبرینی قووڵی پێوەدیارە، یەکێکیان لەنێوچەوانی و ئەوی تریشیان لەسەر رووەمەتی راستی.. ئەو شوێن برینانە بۆ مەلا عومەر جێگای شانازین کە پێی وایە لەسەر ئیسلام وایلێهاتووە.

مەلا عومەر، کوڕی پیاوێکی جووتیارە و دەرچووی حەوت ساڵەی مزگەوتە لە (جۆزان)، کە هەرێمێکە لەنێوان سنووری تورکستان و ئۆزبەکستان. وەکو بن لادن نە موفتییەو نە مەلایە، چونکە ئەو ناوانە دەدرێنە پاڵ کەسێك کە دوانزە ساڵی لە مزگەوت خوێندبێ. عومەر خۆی هەرگیز فەتوا دەرناکات، بەڵکو تەنها فەرمان و حوکم دەدات، بۆ هەر فەتوایەکیش ئەنجوومەنی شورا کە دە مەلای بەئەزموون و پسپۆڕن لە بواری شەریعەتی ئیسلام و فیقه، فەتوا دەردەکەن و دەیدەنە دەست عومەر و ئەویش دواجار هەڵیاندەبژێرێ و بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدات. هەروەها لە نیسانی 1996 لە نێوان 1500 مەلا، مەلا عومەر بە (ئەمیری موئمنین) لە قەندەهار هەڵبژێردرا و ئەوانی دیکەش دەستیان ماچ کردو پەسندیان کرد.

ئایا تاڵیبان لەنێو خەڵکی خۆشەویستە؟ ئەو ئامارە قوڕسە، پێدەچێ خۆشەویستی خەڵك بۆ تاڵیبان 20٪ بێت.

لە پاکستان پۆلیس چەکدارن، بەلاّم لە ئەفغانستان وانییە، (جین. کەمال ماتۆندین) سەربازێکی پاکستانییەو ئەندامە لە بزووتنەوەی تاڵیبان، لە کتێبە نوێیەکەی خۆی دەڵێت (تاڵیبان و وەفا و راستگۆییەکەی، بۆتە هۆی ئەوەی کە خۆشەویست بێ و سەرچاوەیەکی پڕ متمانەی هێز بێت).

گەورەترین بەدەست هێنانی تاڵیبان ئەوەبوو، کە توانیان بەهێزێکی کەم ترسێکی بچووك، وا لە میلیشیاکان بکەن چەکدابنێن و پەیڕەوی یاسا بکەن. ئەوان یاساکانی ئیسلام و قورئان لەگەڵ دابونەریتی ئەفغانستان تێکەلاّو دەکەن، بەبێ هیچ دواکەوتن و ترسێك پەیڕەویان دەکرد، ئەو پەیڕەوکردنەش جێگای خۆشحاڵیان بوو.

جگە لەمەش تاڵیبان بەشداری لە ڕاوەڕوت و داگیر کردن و دەستبەسەر داگرتنی ماڵەکانی نەکردووە و بۆ بەرژەوەندی خۆشیان شتێکیان ئەنجام نەداوە، ئەمەش وای کردووە بەردەوام لەنێو خەڵکی خۆشەویست بن.

# ژنانی خانەوادەی پەهلەوی

فوئاد رەوەند

**خانەدانی** پەهلەوی لەلایەنی خووڕەوشت و بێ ڕەوشتی میراتگری قاجارەکانە. ڕەزا شای پەهلەوی لە تورکەکانی باکۆیە و باوکی بەرە و مازەندەران کۆچی کردووە و لەوێ نیشتەجێ بووە، کە بە یارمەتی بەریتانیا گەیشتە دەسەلات، حەزی لاسایی کردنەوەی رۆژئاوا لە کەللەی دا. هەر بۆیەش لە هەنگاوی یەکەم بە زۆرەملێ سەر شێوی لەسەری ژنی ئێرانی داکەند و پیاوانی ناچارکرد بەرگی ئەورووپی لە بەر بکەن. محەمەدی کوڕە گەورەی بۆ خوێندن بەرەو دواناوەندییێکی سویسرا ڕەوانە کرد، ئەوە لە کاتێکدا بوو مەیلی بەرەو نازیەکان پەیداکردبوو، گشت بوارەکانی پیشەسازی، بازرگانی و کشتوکاڵی بەرامبەر ئەڵمانیا والآکرد و دەستی دایە لەناوبردنی هەوادارنی ئینگلیز. دەزگای سیخوڕی بەریتانیای مەزن بۆ بەدەستهێنانی جێنشینی شا، دەستی دایە پلانێکی ورد و هەستیار و بە چاندنی یەکێك لە سیخوڕەکانی خۆی بەناوی بەردەست لەو قوتابخانەیە، چاودێری خستبووە سەر محەمەدی کوڕی ڕەزاشا. لاوێکی چاوبەستراوی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەمەند، کە هەردەم گوێبیستی دۆخین شلی ئافرەتی ئەورووپای بەر گوێ کەوتووە و لە وڵاتەکەی خۆی نیزیکترین ئافرەت، هەر دایك و خوشك و هەندێك کارەکەر و دایەنی ناو ماڵە. ئارەزووەکانی جێنشینی شا لە سویسرا بۆ نووستن لەگەڵ کچە ئەورووپیەك نایەتە دی، بۆیەش سیخوڕی بەریتانیا خۆی لێ نزیك دەکا و لەگەڵ کارەکەرێك ئاشنای دەکا و سکی لە کوڕی شای ئێرانی دەبێت، کە ئەوەش بۆ دەرباری تازەی ئێران ریسوایی و کارەساتە و محەمەد دەڕوخێت و دەکەوێتە سەر دەستی دەلاڵەکەی، هەر ئەویشە تا دوا ساڵەکانی ژیانی لەگەڵ محەمەدشا لە تاران دەژێت و دەبێتە راوێژکاری وەرزشی و سێکسی و رامیاری شای خاوەن شکۆی ئێران و خۆی لە خوشکەکانی شا نزیك دەکاو بەزمی شەوانەیان بۆ ساز دەدا. (هەڵبەتە ئەمە لە دوای دوور خستنەوەی ڕەزاشا بۆ دورگەی مۆریس لەسەر دەستی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی دووەم)، دوورکەوتنەوەی ڕەزاشا، (ئەشرەف) و (شەمس)ی خوشکەکانی شای هاندا لە هاوسەرەکانیان تەلاق وەربگرن و ژیانێکی بەڕەلا هەڵبژێرن. شایەنی باسە دایکی شا لایەنێکی تری ئەم هاوکێشەیە دەبێت و لەدوای دوورخستنەوەی مێردی دەست لەگەڵ زۆر لە پیاوانی خاوەن دەسەلات بە بیانووی پەیداکردنی پشتیوانی بۆ محەمەد شای پەهلەوی کوڕی تێکەڵ دەکرد و تلیاك و مەی بەکاردەهێنا و کار گەیشتە ئەو رادەیەی کە کرێکارێکی قیڕتاوکردنی تورکی قەبە بەناوی (خوڕەمی) بۆ دامرکاندنەوەی شەهوەتی بەکاردەهێنا و زەمینێکی زۆری پێ بەخشی و لەناو کۆمەڵگای پادشایی پێشوازی لە خوڕەمی دەکرد. هەردوو گۆرانیبێژ (هایدە) و (مەهەستی) کە بەردەستی شاژنی پەهلەوی بوون گوایا بەوە دەناسرێن کە شەوانی بەزمی ئەویان گەرم کردووە، خوڕەم لە ساڵی 1978 لە سەر دەستی شۆڕشگێڕانی ئێران لە سێدارەدرا و بەیەکێك لە دەوڵەمەندترین ئێرانیەکان دەهاتە ژماردن.

یەکەمین هاوسەری محەمەد شا، (فەوزیە) خوشکی (فاروق)ی پادشای میسرە، کە دایکی و کاکی خاوەن شکۆی هەردووکیان لە فاسدترین بوونەوەرانی ئەو سەردەمە بوون. دوا ژنی شا کچێکی بەڕەگەز تورکە بەناوی فەرەح دیبا، لە پاریس هونەری تەواکردووە و قوتابییێکی چەپ بووە و ژیانێکی ئازادی لە فەرەنسا بردۆتەسەر. فەریدە دیبا، دایکی فەرەحی شاژن بەشداری لە بەزمی کلیل گۆڕینەوە دەکرد، کە بریتیە لە میوانییەك بۆ هەردوو ڕەگەز لە هوتێلێکی پێنج ئەستێرەی شاری تاران، لەدوای خواردنەوەیەکی زۆر و سەماکردن و تلیاك کێشان. نیوەشەو ئافرەتانی بەشداربوو دەچوونە ژووری نووستن و کلیلی ژوورەکان دەخرایە ناو سەندوقێك و هەرکام لە پیاوانی بەشدار، بە شانس کلیلێکیان هەڵدەگرت و ڕوویان لە ژمارەی ژوورەکە دەکرد و شەو هەردوولا پێکەوە دەبوون، داهێنەری ئەم شێوازە لە رابواردن لە ئێران (ئەشرەف) خوشکی شایە. فەریدە دیباش هەر بێ کار و بێعار نەبووە لە ساڵی 1978 بە بیانووی سەردانی نەجەف ئەم خاتوونە سەردانی ئایەتوڵڵای مەزن خویی کردووە تا دژی خومەینی هەنگاو بنێ و پەراوێزی بکات هەندێك کەس باس لە سەردانی فەریدە بۆ لای ئایەتوڵڵای مەزن شەریعەتمەداری لە شاری قوم دەکەن، خەسرۆ داد فەرماندەی هێزی هەلیکۆپتەری ئێران دان بەوە ناوە کە فەرمانی لە ئەشرەف و فەرەح و فەریدە دیبای وەرگرتووە بۆ کاری لەشکری. وانەبێت کە فەرەحی شاژن لەمبارەوە هیچ داهێنانێکی نەبووە، پیاسەکردن بە رووتی لەناو کۆشك و بەرووتی لە هەلیکۆپتەر خۆ هاوێشتنە ناو دەریا، ئەم بەرنامەیە بە کۆمەڵ و بە بەشداری هەردوو ڕەگەز ئەنجام دەدرا. دەستە خوشکەکانی فەرەح بە تایبەتی هاوپۆلیەکانی پاریسی هاوکار و راوێژکاری بەڕەڵای شاژن بوون و هەرکامیان بەرپرسی



شا و فەرەحی خێزانی



چەند ژنێکی بنەماڵەی پەهلەوی

دەزگایەکی خێرخوازی و راگەیاندن و رۆشنبیری بوون، لە دورگەی (کیش)، کە کۆمەڵگەی زستانەی پادشا لەوێ بووە و ئەفسەران و سەربازانی گاردی جاویدان کە لەوەفادارترین کەسانی ئێرانین پارێزگاریان لێدەکرد و پێیان وابوو کە ئەم بنەماڵەیە سێبەری خوان لەسەر زەمین، بەڵام هەر لە پێش چاوی ئەوان شاژنی ئێران کە نازناوی ئیمپراتیسی، هەبوو بە رووتی وەك ئەوکاتەی کە لەدایك بووە لەگەڵ مێگەلێك پیاوی رووتی سەرخۆش، خەریکی گاڵتە و گەپ بووە. خانەدانی پەهلەوی کە خۆیان بە پارێزەر و خاوەنداریەتی بەر دەرگای هەشتەمین پێشەوای شیعە دەژمارد و هەڵگری دروشمی خوا، شا، نیشتمان بوون. پەیڕەویان لە هیچ یاسا و رێسایەکی کۆمەڵایەتی نەدەکرد، هەر ئەوەش بووە هۆی جیابوونەوەی جەماوەر و بێمەیلی هەوادارەکانیان، چۆن دەبێت بوونەوەرێکی بۆگەن نوێنەری هێزێکی پیرۆزبێت؟! لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران، نە ئەرتەش، نە ساواك، نە گاردی جاویدان بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکرد، چونکە لە دڵەوە دەیانزانی کە پەهلەویەکان بەرە و زبڵدانی مێژوو دەڕۆن. چونکە شا مرۆڤێکی لاواز بووە و نەیتوانیوە کێشەکانی ولاٌت چارەسەر بکات زەندەقی لە چەپڕەوکان و رۆشنبیرەکان دەچوو وای هەست دەکرد بە نزیکبوونەوەی ئەوان لە دەسەلاٌت دەتوانێ گشت گرفتەکان چارەسەربکات، فەرەحی شاژن زۆر لە رۆشنبیرانی چەپی وەك ئەحمەد شاملۆ و پەرویز نیك خاه و محمودی جەعەفەریانی بۆ ناو دەزگاکانی خۆی راکێشاو دەستەمۆی کردن، خەڵکی دوورە پەرێزی تریش وەك فروغ فەروغزاد و سوهراب سپێری و محەمەدی قازی راکێشا. گولوسورخی رۆژنامەنووس و شاعیر کە بوێرانە پەتی قەنارەی خرایە مل کرنۆشی بۆ فەرەح نەبرد.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو، ئێرانی هەژاری کردە دەوڵەتێکی دەوڵەمەند. پەهلەویەکان دەستیان والاٌبوو لە خەرجکردن بۆ دەمبەستکردنی رای گشتی و جەماوەر، بۆ چاودێری خەڵك (ساواك) بەهێزکرا و پارەیەکی زۆر لە بودجەی ولاٌتی بۆ تەرخان کرا، هەموو هەڵچوون و سەرهەڵدانێکیان بە ئاگر و ئاسن خامۆشدەکرد. بە دامەزراندنی تەلەفزیۆن و سازکردنی فیلم، بەرنامەی بەدڕەوشتی و لادانی ڕەوشتی کرایە فەرهەنگێکی باو و پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا، هەموو ئەمانە بە بەشداری ئافرەتانی پەهلەوی و دەست و پێوەندەکانیان بوو. ئەشرەف خوشکی شا دەستی لە بازرگانی هیرۆین هەبوو، مارشال فەردوست برادەری شا و بەرپرسی کۆمیتەی گشتی ئەمنی ئێران، باس لە رووداوێك دەکاو دەڵێ: ئەشرەف داوای لە (ساواك) کرد، کە چاودێری بخەنە سەر تەلەفۆنەکەی و ئاگاداری بکەن، کە کێ تەلەفۆنی بۆ دەکا. بەشی گوێگرتن دەستەیەکی تایبەتیان بۆ ئەم ئەرکە تەرخان کرد، بەڵام ئەفسەرانی (ساواك) گشت شەوێك گوێبیستی ئەشڕەف دەبوون کە لەگەڵ گۆرانیبێژ و ئەفسەری بچووك و هەندێك وردە بازرگان باسی لە شەوانی رابواردنی خۆی دەکرد، کە چەند چێژی وەرگرتووە و چەند بە تاسەیە کە دووبارە بکرێ. ئەفسەرانی (ساواك) کە باوەڕدارانی بەهێزی پەهلەوی بوون و سینگیان قەڵغانی گوللەی دوژمنان بوو، بەرامبەر ئافرەتێکی سۆزانی بێ نرخ دەستبەستراو وەستابوون. بەلاٌم خاوەن شکۆ قەرزداری شازادە ئەشڕەف بوو، چونکە لە ساڵی 1953 کە شا لە دەستی موسەدەق هەڵهاتبوو ئەشڕەف بە هاوکاری چەقۆکێشەکانی تاران بە سەرکردایەتی تەیب و شەعبان بێ موخ و هەندێك ئەفسەری بەدرەوشت وەك نعمەتوڵلاٌ نەسیری لە ژێر چاودێری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران کودەتا بکات و موسەدەق لەسەر دەسەلاٌت لابدا و شای هەلاٌتوو دووبارە بخاتەوە سەر تەخت. ئەشڕەف و شەعبان بێموخ هەتا دوا ساڵەکان یاری بەزم و رەزمی یەکتربوون، هەرچەندە ئەشڕەف سڵی نەدەکردەوە لە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ سەرسەری ناوبازاریش، بەلاٌم شا باش دەیزانی کە هەر ئەوە توانیویەتی تاجی پادشای بۆ بپارێزێت. گلەیی دەزگا ئەمنیەکانیش لەمبارەوە لەلای شای ئێران بە بیانووی ئازادی تاکە کەسی بەهەند وەرنەدەگیرا، ئەفسەرانی ئەمنی شا، کە لەو باوەڕەدابوون محەمەدشا، شکۆداریی دێرین بۆ ئێران دەگەڕێنێتەوە، بە ئاگاداری ئەو هەموو فەسادیە لە ژنانی ئەم خانەدانە و فەسادی خودی شا بە بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی ناسردین شای قاجار و شا حوسێنی سەفەوی هەر هیچ نییە. ئەشڕەف بەوەش نەدەوەستا، بەڵکو ئەو لاوانەی کە تێکەلاٌوییان لەگەڵ هەبوو هەر کە لێیان تێر دەبوو دەیدایە دەستی خوڕەم بۆ



لەیلای کچی شا



شا و بنەماڵەکەی لەسەر تەختی پادشایەتی

ئـــەوەی بیانهاوێتــــە نـــاو قەفەســـی شـــێر و پڵینگــە برســـــیەکانی. وانـــــەبێت کـــچەکانی تـــری رەزاشـــای پەهلـــەوی لەمباریـــەوە لـــە ئەشرەف دەسـت کـورتتربن، شـــەمس بـــە دامەزرانـــدنی بنکەیـــــەکی خێرخــــــوازی بەدوای راوە کوڕی قۆز بوو، لـــە دەوروپـــشتی شـــاری کەرەج کۆشکێکی شکۆداری هـەبوو، کچی جوانیشی بۆ میوانـــە ئەمریکیـــەکانی راو دەکـرد. شـەمس لـەو باوەڕە بوو کە خوێنی پاکی ئێرانی بە هێرشی عـەرەب بۆ سـەر ئێـران پیسبووە و دەبـێ بە جووتبــــــوونی پیــــــاوی ئـــەوروپی و ئـــەمریکی، کـــە ئاریـــایی پاقـژن لەگــەڵ ژنـــی ئێرانــــــی، بەرهەمەکـــــەی نەوەیـــەکی ئاریـــایی نـــوێ دەبێ. زۆر دژی ئیسلام بوو، لە دوا ساڵەکانی ژیانی بووە مەسـیحی و مێردێکـی ئـەمریکی بـۆ خـۆی هەڵبـژارد. فاتیمـەی خوشـکی دیکـەی شـا و شـانازی کـچی لـە نـاو ئافرەتـانی ئـەم بنەماڵەیە بە دەرچوو لـە سنوور دەناسران. جا بزانە کـە ئـەم دوو ئافرەتـە چ ئەژدیهایـەك بوونـە. شـاناز تاقـە کـچی فەوزیـە شاکـچی میسرە. باشترین بەرهـەمی دوو بنەماڵـەی داتـەپیووی بەدڕەوشتی ئاسیا و ئـەفریقان، لـە میوانداریـەکانی، هیرۆئین و تلیاك وەك نوقل لـە نێوان میوانـەکان دابـەش دەکـرا. بە پێچەوانەی رەوتـی ئاسایی دەجـولاو هاوسـفرەی بـەزمی خێزانـە ناوەنجیـەکانی کۆمـەڵگای ئێرانی بوو.

محەمەد پەهلەوی کە خۆی بە ئیمپراتـۆری ئێـران زەمینـی دەزانـی، داوای لەسـەردار و وەزیرەکـانی دەکـرد، کـە کچە جوانـەکانیان پێـی ببەخـشن و ئـەوانیش بـەهرەداربن لەسـەرمایەی شـا. یـەکێك لـەو کچانە بەناوی (تەلا)، باوکی سوپاسالاری شا بووە و لەگـەڵ شا لە کۆمـەڵگای پادشـایی تـاران دەژیـا. رۆژێـك بـە شـا دەڵـێ کـە شـاژن فەرەح هەرەشەی لێکردووە، شا لـە وەڵامـدا دەڵـێ: فـەرەح ناماقوڵـی کردووە، ئەوە پێنج ساڵە ئێمە پێکـەوە نەنووستوین و ئـەو شـەوانە خـەڵکی بیـانی دەباتـە ژووری نووسـتنی خـۆی، کـە مـن بێـدەنگم با ئەویش سنوور نەبەزێنێ. هویدا سەرۆك وەزیرانی ئێـران (بۆمـاوەی 13 سـاڵ) هاوسـەرەکەی لەبـەر بەدڕەوشـتی (مەبەسـت هـەتیوبازی) وازی لێهێنا، شا بە گاڵتەوە باسی هویدای دەکرد کە چەند داماوە، بـەلام هـانی بالادەسـتانی دەدا، کـە ئەگـەر لاسـایی ئـەو ناکـەن با کـەمێك غیرەت بەخۆبـدەن و وەك هویـدا بـن. فرامۆسـۆنەکانیش تـا ئەوکاتەی کە شا نەبووە سەرۆکیان، پارێزەرانە دەجولانەوە، کە شا بووە مامۆستای مەزن، پەرەستگاکانیان بووە شوێنی بەدڕەوشـتی و شـانازیان بـەوەدەکرد. ئیـسماعیل رائـین لـە پەرتووکەکـەی بـە ئاشکرا باس لـە بـەرەڵاییان دەکـا، هـەر چـەند ناوبراو بۆ قوربـانی راستبێژی خۆی تیرۆرکرا. قسەیەکی ژان ژاك رۆسۆ ببووە وێـردی سـەر زمانیـان، کـە گوایـا لـە سـەردەمی منـداڵی قەشـەیەك لاقـەی کردووە. بەهاییەکان کە کۆمەڵە لادەرێکی شیعەن و پێیان وایە کە مەهــدی گەڕاوەتــەوە. بوونــە پێــشەنگی لادەری کۆمەڵایــەتی و کچەکانیان بۆ راکێشانی کوڕانی شیعە بۆ ناو بازنەی بەهائیەت، خۆیان بەدەستەوە دەدا، بەزمی رابواردنی شەوانەیان بۆ کوڕانی نا بـەهائی بـە بیـانووی کـاری رۆشـنبیری و سـەیران سـازدەدا و هـەر کەسـێك کـچێکی بـەهایی بـە هاوسـەر هەڵبـژاردبا، ئۆتۆمۆبێـل و پلەوپایـەی بۆ خـۆی مسۆگەردەکرد و لـە دەسـەلات نزیـك دەبـووەوە، چونکە هویدای سەرۆك وەزیران بەهائی بوو.

بەهزری شـای ئێـران، کۆمـەڵگای ئێـران بەتـەواوی تەسلیمی ئیرادەی ئەو ببوون و باسی لـە پـرۆژەی شـۆڕشی سپی دەکـرد، کـە گوایا ئـەو رابەرایـەتی دەکـات و ئێـران بـەرەو قەراغـەکانی ئاسـایش و ئـاوەدانی دەبـا. پـارتی تـودەی گـەورەترین رێکخـراوی رامیـاری، بەدەسـتی (سـاواك) قەلاچـۆ کردبـوو، هـیچ هێزێکـی ئۆپۆزسـیۆن نـەمابوون. بەهائیەکان و فرامۆسۆنەکان دوو سەنگەری ئەو بوون، جا بە تەواوی دەرفـەتی دایـە ئافرەتـانی خانەدانەکـەی، کـە نەتـەنیا لـە ئێـران بەتـەواوی ئـازادبن، بـەڵکو لـە ئـەوروپاش ئـەوەی کـە ئارەزوویانـە بیکـەن، رۆژنامـە و گۆڤارەکـانی حەفتاکانی ئەوروپا پڕە لە هـەواڵ و وێنـــەی رووتـــی ئـــەم خاتوونانـــە. چـــەندین جـــار شـــەمس لـــە فرۆکەخانـەکان گـیراوە، چـونکە تلیـاکی پێبـووە. باڵیۆزەکـانی ئێـران تاقە ئـەرکیان لـە ئـەوروپا دابینکردنـی ئاسایـشی یاسـایی ئـەم ژنانـە بـووە. هـــەروەها بەســـتنی گرێبەســـت لەگـــەڵ ئافرەتـــە ئەکتـــەرە بەناوبانگەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ شەوانی بەزمی شا و براکانی، بـرژدت بـاردۆ و مـارلین برانـدۆ و سـۆفیا لـۆرین لەسـەرەوەی لیـستی داخوازیـەکانی شـا لـە بالیۆزەکـانی بـووە. شـایەنی باسـە (ئەنـساری) خزمـی شـاژن فـەرەح بـاس لـە دواسـاتەکانی ژیـانی محەمـەد شـای پەهلـەوی لـە نەخۆشخانـە دەکـا، کـە چۆن شـاژن لـە ژووری تەنیـشتی شا خەریکی رابـواردن بـووە، لـەو کاتـەی کـە ئیمپراتـۆر دوا هەناسـەی بۆگـەنی خـۆی هەڵدەمـژی. ئـەم خێزانـە تـا دواسـات خـەڵتانی گونـاه و بەدڕەوشتی بوون. لەیلای کچی شا کە عـەوداڵی سـەتاری گۆرانیبێـژ بوو، لە دوای ئەوەی کە سەتار وازی لێهێناو وەك باس دەکرێ وێنـە رووتەکانی کەوتبووە دەستی خـەڵك، بەناچاری خـۆی کوشت، دەکـرێ بگـوترێ کـە لـەیلا پەهلـەوی ئـازاترین ژنـی پەهلـەوی یـە، کـە بـە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی پڕ لە تراژیدی خـۆی بهێنێت. مێژوو بۆ گێڕانـەوە نییـە بـۆ عیبرەتـە، (سـەدام)یش پەنـدی لـە شـا وەرنـەگرت و دەستی دایە تێکدانی شیرازەی خێزان و بـەرەی نـاوخۆی لاواز کرد و کۆتـایی بـە ژیـانی رامیـاری خـۆی هێنـا. وەنـەبێت ئـەوە هـەموو بەدڕەوشتیەکانی پەهلەویەکان بێت....

## تاران

# شارێك له كتێب

هەر كە گەیشتینە تارانی كۆماری ئیسلامی ئێران، بەنێو بازاڕێكدا ڕۆیشتین، دەكەوتە (گۆڕەپانی كودەتا)ی بەرامبەر زانكۆی ئازاد، ئەو بازاڕە بازاڕێكی دوور و بەردرێژی ئەو گۆڕپانەیە و شتەهای جۆراوجۆری لێدەفرۆشرا، بەشێكی ئەو بازاڕە تایبەت بوو بە كتێب، كە تیایدا بە سەدان كتێبفرۆش لە نێو دوكانە رازاوەو جوانەكانیان دانیشتبوون و گەلێك جەنجاڵ و قەرەباڵغ دەهاتە بەر چاو.. ئێمە لەو بازاڕە بە نێو دوكان و كتێب فرۆشەكاندا گەڕاین، لە زۆربەی دوكانەكان ئافرەت كتێبفرۆش بوو، لەگەڵ ئەمەش كڕیارێكی زۆر بەنێو كتێبخانەكان دەگەڕان..

لەو بازاڕە ناونیشانی جۆراو جۆری كتێبی فارسی و بیانی خۆیان نمایش دەكرد، جگە لە كتێبیش سیدی و كاسێتی مۆسیقاو سەدەها پرۆگرامی كۆمپیوتەر، تەنانەت ئامێرەكانی نیگاركێشان و تابلۆی رەنگاو رەنگی ئێرانی و فۆتۆگرافی جۆراوجۆرو میناتۆری فارسی دەفرۆشان..

چەند كاتژمێرێك لەو بازاڕە گەڕاین و لە بەشێكی زۆری دوكانەكان چووینە ژوورەوەو لەگەڵ چەند كتێب فرۆشێك كەوتینە ئاخافتن.. بۆنموونە (عەلی كەریمی) كە خاوەنی یەكێك لەو دوكانانە بوو، كە كتێبی بیانی دەفرۆشت، وتی " لەگەڵ ئەوەی كە خۆم ئارەزووی فرۆشتنی كتێب ئەكەم، پێشم وایە كتێب لەو شارە زۆرترین كڕیاری هەیە و كارێكی هێمن و قەشەنگ و بێكێشەشە، ئەوانەی كە كتێب دەكڕن شەڕانگێز نین و ئەهلی مەعریفەن، من هێندەی لە ژیانم كارم كردووە، لە هیچ كارێك هێندەی كتێب فرۆشتن خۆشبەخت نیم).. سەبارەت بە فرۆشتنی كتێبی كوردیش، بەڕای (شەهلا محەمەدی) یەوە، كە یەكێك بوو لەو ئافرەتانەی كتێبی جۆراو جۆری بیانی دەفرۆشت "ئێمە زیاتر ئەو كتێبانە دەهێنین كە ڕەواجیان هەیە، لەگەڵ ئەوەش لێرە خەڵكی داوای كتێبی جۆراو جۆر دەكەن، ئێمەش بۆ راكێشانی كڕیار، جۆرەها كتێب دەهێنین و نمایشیان دەكەین، هەر كتێبێكیشمان داوا لێبكرێ بە زووترین كات پەیدای دەكەین"..

سەبارەت بە نرخی كتێبەكان، جۆراو جۆر دەهاتنە بەرچاو، ئەوانەی كە بیانی بوون لە رووی نرخەوە گرانتر بوون لەوانەی كە لە ئێرانەوە چاپ دەكران، لە گەڵ ئەمەش بە پێی ئەو ئامارەی كە (سوهراب)ی فرۆشیاری كتێبە فارسیەكان لە دوكانەكەی خۆی پێشكەشی كردین "هەمیشە كتێبە مەنهەجی و زانستی و هونەرییەكان گرانترن لە رۆمان و كتێبی هزری و شیعری، ئەمە جگە لەوەی بە پێی ناوبانگ و رەواجی نووسەرەكە نرخی كتێبەكان دەگۆڕدرێن".. هەروەها بە ڕای (سوهراب) "نووسەرە بەناو و دەنگەكان گرێبەند لەگەڵ چاپخانەكان دەبەستن، لەوەی كە لە كاتی چاپكردنی كتێبەكانیان لەسەدان هێندێك پارە وەردەگرن، بۆیەش كتێبەكان گرانتر دەبن".

ئەوەی كە لەوێ تێبینیمان كرد، مافی چاپەمەنی بوو، كە لەنێو ئێران مافێكی گەورەی هەیەو كۆپی كردنی كتێب، یان چاپكردنی بەبێ پرسی نووسەر نایاساییەو باجی زۆری لەسەرە، لەگەڵ ئەوەش لەوێ دەزگای گەورەی وەرگێڕان بە شێوەی حكومی و كەرتی تایبەت هەن، كە كتێبە بیانییەكان وەردەگێڕنە سەر زمانی فارسی و بە زووترین كات بڵاویان دەكەنەوە، بەڵام كێشەی ئەو دەزگایانە هەروەك خاوەنی كتێبخانەیەك پێی راگەیاندین "ئەو بەشەی كە لەگەڵ ستراتیژ و سیستەمی سیاسی ئێران ناگونجێ، دەیپەڕێنن، بۆیەش لە زۆربەی ئەو كتێبانەی كە وەرگێردراون بۆ سەر زمانی فارسی، تەواو جێگای بڕوانین، ئەمەش بە روونی لە كتێبە هونەرییەكان بە دیار دەكەوێ كە وێنەكان فۆكس كراون، یان جەستەیان بڕاوەتەوە".

سەبارەت بە دونیای كتێبی هونەری، گەلێ كتێب فرۆش دوكانەكانیان تایبەت كردبوو بە فرۆشتنی كتێبی هونەری و سیدی و كاسێت و تابلۆ.. ئەم بەشە (واتە بەشی هونەر) بەشێكی گەورەی ئەو بازاڕە بوو، كە لێوانلێو بوو لە كوراسەی هونەری و نۆتەو سۆلفێچی مۆسیقاو لاپەڕەی رەنگاو رەنگی شانۆو سینەماو فۆتۆگراف.. جگە لەمەش چەند گۆڤارو بڵاوكراوەیەك لە ئێران دەردەچن تایبەتن بە كۆڵەگەكانی هونەر.

ئەوەش كە لە تاران جێگای سەرسامی ئێمەمانان بوو، جگە لەو بازاڕە، دوكانەهای جۆراوجۆری دیكە لە شوێنی جیا كتێبیان



دەفرۆشت، بەتایبەت گۆڤارو رۆژنامەکان، بۆ نموونە لە کابینەیەکی سەرجادە، کە شتومەکی جۆراوجۆری فرۆشتبا، بێگومان رۆژنامەو گۆڤاریشی لێدەستدەکەت، ئەمە چجای ئەوەی کە هەر شوێنێك گەڕاباین لە تاران، دوکانێکی لە پلێت دروستکراومان دەبینی، کە جگە لە بڵاوکراوەکانی ئێران، ئەو گۆڤار و رۆژنامانەشی دەفرۆشت کە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە رێگە پێدراو بوون.

## نۆزدەهەمین پیشانگای نێو دەوڵەتی کتێب لە تاران

ئێمە شەو لە ئوتێل، لەیەکێك لە تەلەفزیۆنەکانی ئێران، زانیمان کە (ئەحمەدی نەژاد)ی سەرەك کۆماری ئیسلامی ئێران، شریتی کردنەوەی نۆزدەهەمین پیشانگای نێودەوڵەتی کتێبی لە تاران پچڕاند، ئێمە بۆ رۆژی دووەم لەو پیشانگایە ئامادە بووین، گۆڕەپانی ئەو پیشانگایە گەلێ گەورە بوو، نزیکەی زیاتر لە 70 هۆڵ و باڵەخانەی گرتبووە خۆ و هەر هۆڵێکیش تایبەت بوو بە چەند ناونیشانی لێکچوو.. لەو پیشانگایە کتێب بۆ سێ بەش دابەشکرابوو، فارسی کە بەشێکی گەورە بوو، ئینگلیزی و لاتینی کە بە پلەی دووەم دەهات، ئەوی دیکەشیان عەرەبی کە دوو هۆڵی داگیر کردبوو.. گۆڕەپانێکی گەلێك جەنجاڵ لە کڕیارانی گەنج، بە هەزارەها کچ و کوڕ لە نێو هۆڵەکان سەیری کتێبەکانیان دەکرد، بۆ کتێبی فارسی دەتتوانی دەمودەست کتێبەکان



کتێب، نزیکترین هاوڕێی خوێندەوارانی تاران



بکڕی، بەڵام بۆ کتێبی لاتینی و عەرەبی، دەبوایە ناونیشانەکان بنووسیت و دواتر لە بانك، کە دەکەوتە خوارووی گۆڕەپانەکە پارەی کتێبەکان بدەیت و چەك وەرگریت، کە ناونیشانی کتێبەکانی لەسەر تۆمار کرابوو، ئەوجا لە باڵەخانەیەکی دیکە کە کۆگای کتێبەکان بوو، کتێبەکان وەرگریت، ئەمەش پێویستی بە کاتێکی زۆر هەبوو.. ئێمە کە بیانی بووین، نەماندەتوانی کتێبی بیانی بکڕین، چونکە لەو شوێنەی کە ناونیشانی کتێبەکانت دەدا بانك و چەکت وەردەگرت، داوای ناسنامەی ئێرانیان لێدەکردین، واتە فرۆشتنی کتێبە بیانیەکان تەنها بۆ ئەوانە بوو کە شوناسیان ئێرانیە، "بە بیانووی ئەوەی کە بیانیەکان دەتوانن لە وڵاتی خۆیان کتێبی بیانی بکڕن و ئەوکتێبە بیانیانەی کە لەو پیشانگایە نمایش کراوە تەنها بۆ ئێرانیەکانە".. جا ئەگەر ویستبات کتێبی بیانی بکڕیت، دەبوایە لە نێو بانکەکە لەگەڵ یەکێك تەنسیق ببەستی کە ناسنامەی ئێرانییەو بە بڕێك پارە لەسەر ناسنامەی ئەو کتێبەکان بنووسیت، بەشی زۆری ئەوانەش کە کاری قاچاغی لەو جۆرەیان دەکرد، فەقێکان بوون، کە بە بیانووی کڕینی کتێبی عەرەبی ئیسلامی هاتبوونە پیشانگاکەو بە ناسنامەی خۆیان و بە وەرگرتنی بڕێك پارە دەهاتنە لات.. سەیرەکەش لەوەدابوو کە ئەوان هیچ کارێکیان لەو پیشانگایە نەبوو، تەنها بۆ پەیدا کردنی پارە هاتبوونە پیشانگاکەو چاویان لە خەڵکی بێگانە دەگێڕاو خۆیان دەهاتنە لات و داوایان دەکرد کە یارمەتیت بدەن.

ئەوەی کە لەوێ زۆر ئێمەی سەرسام کرد، کەمی کات و زۆری هۆڵەکان بوون، بە ئەندازەیەك ئێمە لە بەیانییەوە تا ئێوارەی داخستنی دووەم رۆژی پیشانگاکە لەوێ بووین، ئەوجا نەمانتوانی نیوەی پیشانگاکە بگەڕێین، لەگەڵ ئەمەش لەهەر شوێنێك تابلۆی نیشاندان و ئاراستەی هۆڵەکان هەڵواسرابوو.. ئەوەش کە بەدەست خەڵکیمان دەبینی تەنها کتێب بوو کە گفتوگۆی گەنجانی گۆڕەپان بوو، پرسیارکردن و گەڕان بوو بە دوای ئەو ناونیشانانەی کە دەیانویست، بۆیەش لە نێو ئەو کاتەی کە لە پیشانگاکە هاتینە دەرێ و خەڵکیمان بینی پڕبوون لە کتێب، بە هێمنی لەگەڵ خۆمان وتمان، ئەوەی ئێستا خەڵکی لەو رژێمە بێزار و یاخی کردووە، مەعریفەی کتێبەکانە، ئەوەش کە لە داهاتوو کودەتا لەو وڵاتە بەرپا دەکا وەرگرتنی ەو مەعریفەیە.

**رەگەز رەشید**

## سالحی نیک بەخت:

# لە وڵاتێك كە دیموكراسییەت نەبوو، یاسا ئەخرێتە ژێر پێ



***سالحی** نیك بەخت، بە رۆژنامەنووسیی دەستی پێكرد و لە كاری پارێزەری پتر دەركەوت، ئێستا وەك پارێزەرێكی ناسراوی ئێرانی كەسێكی نزیكی رۆژنامەنووسانە و لە بەردەم دادگا بەرگری لە(120) رۆژنامەنووس كردووە، حاڵی حازریش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی بەرەی یەككگرتووەی كوردە لە تاران. ئەو كە لەدایك بووی یەكێك لە دێیەكانی سەقزی رۆژهەڵاتی كوردستانە، بە قەوڵی خۆی بۆیە یاسای هەڵبژارد، چونكە پێی وابووە مرۆڤ ئەگەر یاساناس بێت دەتوانێ بەرگری لە هەژاران بكات، نیك بەخت دەڵێ: رەوشی یاسا لە ئێران چ لە زەمانی مەلیكی چ لە زەمانی پاشای ئێران و پەهلەوی، زۆرجار وەك فیلمی (جان فۆرد)بووە، (جان فۆرد) فیلمێكی بەناوی (مەردێكی بەلانسە) دروستكرد، پیاوێك دێتە قاوەخانەیەك، یان چایخانەیەك، دەست بە كوشتنی ئەو خەڵكە دەكات، كە لە نێو قاوەخانەكەدان، لە نێویاندا كەسێك هەبوو لە باكووری ئەمریكا دەرسی خوێندبوو، دەیویست بچێتە باشووری ئەمریكا بەو مەبەستەی كاری پارێزەری بكات. لەوێ هەموو كوژران، دزەكان وایانزانی ئەویشیان كوشتووە، بەڵام دوای ئەوەی كە ئەو بە ساغی مایەوە و ئەوانی دی هەموو كوژران، ئەو كچەی ئەویشی خۆشویستوە كوژراوە، دایك و باوكیشی كوژراون، كابرا بە شوێن كتێبەكان گەڕایەوە تا یاسایەك پەیدابكات دزەكانی پێ بدۆزێتەوە، زۆرجار ئێمەش تەنها بەدوای یاساكان دەگەڕێین، چونكە دیكتاتۆر و ئەو كەسانەی دژی ئازادین گرنگی پێ نادەن.*

***بەڕێزتان بە رۆژنامەنووسی دەستتان پێكرد، ئەكرێ پێمان بڵێیت وێستگەكانی ژیانی رۆژنامەنووسی تۆ چین؟**

_ لەبواری رۆژنامەنووسی، من كاتێك لە ساڵی 1970، كە چوومە زانكۆی تاران، هەر ئەوكات لەوێ چوومە بەناوبانگترین رۆژنامەی ئەو سەردەم، كە ناوی (كەیهان)بوو، ئێستاش ئەو رۆژنامەیە بڵاودەبێتەوە. هەموو كوردستان گەڕاوم و زۆربەی شوێنەكانم بینیووە، بەهەر جۆرێك بێت هەوڵمداوە لە چوارچێوەی كاری رۆژنامەنووسی بڵێم كوردستان دكتۆری نییە، ئاوی نییە، چەندان كەم و كورتی هەیە. من بەم شێوەیە دەستم بەكاری رۆژنامەنووسی كرد، زۆربەی خەڵكی كوردستانیش دەمناسن و رێز و خۆشەویستیان بۆم دەربڕیوە.

بۆ هەموو شارەكانی كوردستانیش (مهاباد، بانە، سەقز، مەریوان، سنە) رۆیشتم، ریپۆرتاژم ئامادە دەكرد، ئاماژەم بە كەموكوڕییەكانی ئەم ناوچانە دەكرد، گیروگرفت و كێشەكانیانم ئەوروژاند، من كە لەوێ بووم كاتی گفنوگۆی نێوان بارزانی نەمر و سەدام بوو، ئەو كات شەڕ نەبوو، كە شۆڕشی ئەیلوول دەستیپێكردەوە، منیان لە رۆژنامەی (كەیهان) دەستنیشانكرد، كە گوێ لە رادیۆكان بگرم و بەشێوەی هەواڵ رووداوەكان بڵاوبكەمەوە، كە پەیوەستبوون بە بارودۆخی كوردستان. لە یادم ناچێ ئەو كاتە كە لەیلا قاسمیان لە سێدارەدا، هەواڵەكەم بڵاوكردەوە، هەرچەند نووسیبووم 11 كەس لە سێدارە دراون، چونكە ئەوكات لە ئێران نەماندەزانی چەند كەسن، من بە بۆچوونی خۆم ئاماژەم بە 11 كەس دابوو، بەڵام راستییەكەی 8 كەس بوون، بەهەر حاڵ ئەو هەواڵە، بووە مانشێتی رۆژنامەی كەیهان و لەو رێیەشەوە تەواوی رۆژنامەكانی دونیا ئەم هەواڵەیان بڵاوكردەوە، ئەمەش بوو بە ریكلامێك بۆ مەسەلەی كورد لە تەواوی دونیاو پێشوازییەكی باشیشی لێكرا.

*** لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول هیچ نزیكایەتی و پەیوەندیەكت لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕشی كورد هەبوو؟**

_ئەو كات بۆ ئێمە قەدەغە بوو بێینە ئەوێ، بەڵام بەهاری 1974 كۆمەڵێك رۆژنامەنووس لە رێگای ساواك هاتن بۆ كوردستانی ئێراق، ئەوانە پێیان باشبوو كەسێكی شارەزایان لەگەڵ بێت، منیش چونكە ئینگلیزیم دەزانی، لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسە ئینگلیزانە هاتمە ناوپردان، چووینە خزمەت سەرۆك بارزانی، چاوپێكەوتنمان لەگەڵ هەندێك پێشمەرگە كرد و هاتینەوە ئێران، ئەو رۆژنامەنووسانە سوپاسی منیان كرد، چونكە لەرووی جوگرافیەوە شوێنەكانم پێناساندن، ئیدی لەوێ بە خزمەتی سەرۆك بارزانی گەیشتم.

***دەڵێن هەر شوێنێك یاسای تێدا سەقامگیر بێت، رۆژنامەنووس دەتوانێت بە ئازادی كاربكات و لە دەرگای هەموو كەسێك بدات، بەڵام لە شوێنێك كە یاسا نەبێت، رۆژنامەنووس تەنها بۆ كەسەكانی خوارەوەیە، بەرپرس ناگرێتەوە، بۆ ئەمە چی دەڵێی؟**

_كاتێك كە دیموكراسی هەبێت، واتە حاكمیەتی خەڵك، حاكمیەتی میللەت بەسەر باسەكان، ئەگەر لە جێگەیەك دیموكراسی هەبێت، ئەبێ خەڵك هەموو شتێك بزانێت، كە هەمووشیان زانی ئەوكاتە دەتوانن رەخنە بگرن، دەتوانن گەندەڵییەكان، زوڵمەكان، شتە خراپەكان بڵاوبكەنەوە. بێگومان كاتێك یاسای دیموكراسی هەبێت، ئەوانەی ئەم شتەیان نووسیوە رێزیان لێ دەنرێت و تاوانبارانیش سزا دەدرێن، بەڵام كاتێك دیموكراسی نەبێت یاساش ناتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت، یاسا كاتێك ئەتوانێت نەخشی خۆی بنوێنێت، كە توانای ئەو كارەی هەبێت، كە ئەو توانایەی نەبێت، ناتوانێت ئەو كارەش بكات.



محەمەد_ سالحی نیک بەخت_ ڕەگەز

*** ڕۆژنامەنووسانی ئێران تا چەند دەتوانن ئازادانە راو بۆچوونی خۆیان لەمەڕ دیاردەکان بخەنە روو، ئاخۆ لە بەرامبەر ئەمەدا  دەسەلأت چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات ؟**

_ پێموایە لە ئێران دوو رەهایی هەبووە، هەم یاسا هەبووە، دوای ئەویش کە یاسایان لەبەین بردووە، زوڵم هەبووە، بۆ نموونە لە سەردەمی مەشروتیەت، کە قانوونی بنەڕەتی لەئێران کاری پێدەکرا، ماوەیەکی زۆر ئازادی لە ئێران بوونی هەبووە، دوای ئەوە سەردەمی دیکتاتۆریەتی رەزا خانی بووە. رەزاخانیی هیچ یاسایەکی قبولڵ نەبووە، ئەو سەردەمە سەردەمێکە کورد لە هەموو سەردەمەکان پتر، زۆرترین زوڵمی لێکراوە، دەڵێن رەزاخان لە ناوچەیەك بەناوی (فەهلە) هاتووە، کە دەکەوێتە (خورەم ئاباد) و (کرمانشاه)، کە ئەمانە لەك بوون، رەزا شا دەیویست ئێران بکات بە یەك نەتەوە، هیچ نەتەوەیەك (کورد_عەرەب) قسەیەکیان نەبێت، ئەو ماوەیە، ماوەی پێشێڵکردنی یاسابوو، واتا پێشێڵکردنی دیموکراسی، دوای ئەوەی کە رەزاشا لە ساڵی 1941 ڕۆیشت، سەردەمێکی زۆر یاسایی لە ئێران پەیدابوو، چونکە سەردەمی دیموکراسی بوو. دکتۆر موسەدەق بوو بە سەرۆك وەزیران، ئەو کات نەوتی خۆماڵی کرد، ئەمە قۆناغێکی دیموکراسی بوو، بەلأم دووبارە دیکتاتۆریەت هاتەوە. کە شۆڕشی ئیسلامی هات دوو سێ ساڵ لە ئێران دیموکراسی هەبوو، دوای ئەوە ئەوانیش یاسایان  ژێرپێ نا و دیموکراسی نەما. هەر بەم جۆرە بەردەوامی هەبوو بۆ 16–17 ساڵ، تا لە سەردەمی خاتەمی یاسا دووبارە سەرکەوتەوە، بەڕای من لە سەردەمی خاتەمی یاسایەك بوونی هەبوو، هاوکات دیموکراسیش بوونی هەبوو، هەر لەم سەردەمەدا  باشترین قۆناغی کاری رۆژنامەنووسی بەدی هات. توانرا دەنگی رۆژنامەنووسان بە خەڵك بگات، بەبۆنەی یاساوە دەمانتوانی بڵێین پێویستە چی بکرێت، بۆ نموونە لەم ماوەیە کەسانێکی وەك (عیمادەدین باقی)یان گرت، دواتر(ئاغای باقی) بێتاوان دەرچوو، دوای ئەو (ئاغای گەنجیان) گرت کە لەزیندان مایەوە، چونکە بەرگری کرد، لە شوێنی ئەو (د.هاجەریان) گرت، کە هێرشی بردە سەر مەلایان، من پارێزەری ئەو بووم و ناوبراو بێ تاوان دەرچوو، چونکە ئێمە دەمانتوانی قسەبکەین، وەختێك دەمانتوانی قسەبکەین، چونکە دیموکراسی هەبوو، قسەکانمان لە رۆژنامەکان بلأودەکرانەوە، وردەوردە هاتن دیموکراسییان دیاریکرد، دیموکراسی دیاریکردن بە پێشینەیەکی یاساییەوە دەبێت، هەمیشە دیموکراسی و یاسا بەیەکەوەن، ئەگەر دیموکراسی هەبێت یاساش رێزی لێدەگیرێت، ئەگەر دیموکراسی نەبێت یاساش ئەخرێتە ژێر پێ، بۆ نموونە لەو وڵاتانەی دیموکراسیان تێدا هەیە، یاسا زۆر بەڕێزە، رێز لە پارێزەران دەنرێت، هەر بەهۆی ئەوەی دیموکراسی هەیە، بە یاسا سەرۆك کۆمارێك لە دەسەلأتەکەی دێننە خوارەوە.

***ئاخۆ ئەو هێڵە سوورانە چین، کە ئەخرێنە بەردەم کاری رۆژنامەنووسی، یان ئەو بیروڕایانە چین کە رۆژنامەنووسان رووبەڕووی سەر ئێشە دەکەنەوە و رۆژنامەکان بۆیان نیە بینووسن ؟**

_ بەڕای من لە ئێران ئێستا هێڵی سوور ئەوەندە زۆربووە، مەیدانێك بۆ رۆژنامەنووسان نەماوەتەوە، ئەمەش بۆ نەبوونی دیموکراسی دەگەڕێتەوە، کاتێك دیموکراسی دیاریکراو دەبێت، بۆ ئەوەی بەڵگەیەك بێت ئەوان دێن هێڵی سوور دائەنێن، بۆ نموونە ئێستا لە ئێران کێشەی وزەی ئەتۆمی هەیە، لەسەر وزەی ئەتۆمی ئەڵێن رۆژنامەنووس نابێت رەخنە بگرێت. رۆژنامەنووس بۆی نیە بپرسێت وزەی ئەتۆمیمان هەبێت باشە، یان خراپە. بە رۆژنامەنووسان ئەڵێن ئەگەر ئێوە قسەبکەن بۆ ئێمە لە رۆژئاوا بەخراپە دەشکێتەوە، لەسەر ئەم بە خراپشکانەوەیەش ئەمریکا سوود وەردەگرێ. هەروەها دەڵێن رۆژنامەنووس نابێ قسە لەبارەی رۆحیانەتەوە بکات. لەو لاوە ئەڵێن نابێت رۆژنامەنووس باس لە ئەرتەش بکات، نابێ قسە لەسەر پۆلیسی هاتوچۆ بکات. بۆ نموونە ئێستا زۆربەی رۆژنامەکان ئامادەنین قسە لەسەر مەسەلەی کورد و عەرەب و ئەو جۆرە شتانە بکەن، بۆچی؟ ئەوان ئەڵێن نابێ قسەی کەمە نەتەوەکان بکرێت، چونکە کەمە نەتەوەکان بە بۆچوونی ئەمریکا هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوان بۆ هەموو شتێك ئەو هێڵە سوورانە پان دەکەنەوە، بەمەش بوونی دیموکراسی دیاریکراو دەبێت، کە دیموکراسیش دیاریکرابوو، مەودایەك بۆ رەخنەگرتن نامێنێتەوە، لە واقیعدا یاساش ژێر پێ دەکرێت. قانونی بنەڕەتی ئێران زۆر شتی تێدایە لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ وەرگیراوە، یەکێك لەم شتانە 28 ساڵە لە ئێران یاسای بنەڕەتی گوزەراندووە، ئەو کەمینانە ئەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن، کاتێك کە ئێمە بەزمانی خۆمان توانیمان بخوێنین، ئەبێ شیعری کوردی بخوێنینەوە، دەستووری زمانی کوردی بخوێنینەوە. ئێمە ئەڵێین گریمان کورد نەبێ، ئەوان ئامادەنین زمانی عەرەبیش رێپێبدەن، زمانی عەرەبی کە زمانی قورئان و حەدیسە، ئەوان دایانناوە لە قوتابخانەکانی خۆیان بیخوێنن، ئەویش بە کەمی، ئیتر ئەم هێڵە سوورانە وردە وردە تەسککراونەتەوە. بەرەیەك بۆ کاری سیاسی و کاری دیموکراسی بەدی ناکرێت، لەبەر ئەمەش کاری ئێمەی پارێزەران زۆر زۆر دیاریکراوە، کە ئەبێ قسەکانمان جۆرێك بێت ئەوان پێی نیگەران نەبن، ئەم حاڵەتە وەکو تورکیایە، لە تورکیا نابێ کەسێك باسی کوردستان بکات، لە تورکیا کاتێك پارێزەرێك ئەچێت بۆ لای زیندانیەك، کە لە دوورگەیەك زیندانی کراوە، کە دێتە



دەرەوە نـابێ قسـەی زیندانیەکـە بکـات، هـەمان شـت لـە ئێـرانیش هەیە، وەلێ ناتوانرێت هیچ کاتێك زمانی رۆژنامەنووس و پارێزەر ببەسـترێت. مـن پـێم وایـە بـۆ دوو کـەس ناتوانرێـت سـنوور دیاریبکرێـت، ئـەوانیش رۆژنامـەنووس وپارێزەرن، بـەلام لـە ئێـران دیموکراسـی سـنوردار کـراوە، هەرچـەند هێشـتا وای لێنـەهاتووە ئێمـە لـە مـالی خۆمـان دابنیشـین و بخـەوین و ئیتر هیچ کارێکمـان نەبێت.

***ئێوە زۆر باسـی سـنووردانان بـۆ دیموکراسـیەت دەکـەن، لێـرە تووشـی جـۆرە رایـەك لـە هەڵـەی فکـری دێـین، کـە پێـی وایـە دیموکراسـیەت بـە پێـی داب ونـەریت و زۆرجـاریش دەسـەلات دەگۆڕدرێت، دەسـەلات زۆرجار کۆمەڵێك بیانوو دێنێتەوە بەوەی دەبێت هەندێك سنوور لە دیموکراسیەت هەبێت، ئەویش پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە. بۆ نموونە نابێت تۆ هێڵی سوور ببەزێنی، ئەم هێڵە ئەمنی قەومی دێنێتە خوار، تۆ نابێت قسە لەسەر زمان بکەی لەسەر ئایین بکەی، بۆ ئەوەی کە ئەم هێڵە سوورە نەبەزێنیت و لـە ئاسایشی نەتـەوەیی نەیەتـە خـوارەوە، بـەلام رایـە راستـەکە ئەوەیە دیموکراسیەت لە هەموو دونیا یەك شتە، بۆ سیستەمێك کاردەکات، کە تۆ قبوڵتە یان قبوڵت نییە، ئێوە ئەم دوو خاڵـە دوو جەمسەریە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

_ دەسـەلات وەختێـك ئەیـەوێت حکومـەت بکـات، بـۆ ئـەو حکومەتکردنـەی خـۆی سـنوورێك دابنێـت. ئـەو سـنوورە ئەگـەر بەربلاوبێت، بـۆ ئـەو ئیمکانیـەتی چالاککردنی خـۆی سـنوور بـۆ دیموکراسـی دروسـت دەکـات، وەختێـك دیموکراسـی سـنووری بـۆ دانـرا، ئـەو هێڵـە سـوورەکانی خـۆی زیـاد دەکـات، لەبەرچـی؟ تـا بتوانێت جوان کۆنترۆڵی بکات.

***تۆ لەگەڵ سنووردانان بۆ دیموکراسی دایت لەهەر شوێنێك بێت؟ پێت وایە شتێکی باشە کە دیموکراسیەتی سنووردار لەنێو دەسەلاتدا هەبێت؟**

_مـرۆڤ ئـەبێت ئـازاد بمـرێ و ئـازادیش بـژی، مـن هـەرگیز لەگـەڵ سنووردانان بۆ دیموکراسی دانیم، من ئەمەوێت بڵێم دەسەلات بۆچی سنوور بۆ دیموکراسی دادەنێت، بۆ سنووورداری دەکات؟ بۆیە سنوور بۆ دیموکراسی دادەنێت تا دەسەلاتی خۆی فراوان بکات، من پێم وایە نەتـەنها دیموکراسـی نـابێ سنووردار بێـت، بـەڵکو ئـەبێ هەمیشـە لـە بەرامبـەریا بوەسـتێ، جـا بـێ وەسـتان لـە بەرامبـەری دیموکراسـی یەکسانە لەگەڵ مردن، پێم وانییە مرۆڤ خۆی بکوژێت لە بەرخاتری ئەم لەحزەیـە، چـونکە هـیچ وەختێـك و هـیچ دیکتاتۆرێـك تـا ئەبـەد نەماوەتـەوە، بـۆ نموونـە لـە عێـراق سـەدام تـا ئەبـەد نەماوەتـەوە، هاوسێکانی سـەدامیش نـەیانتوانیوە تـا ئەبـەد بمێننـەوە، ئێسـتاش سوریا وەکو 5 ساڵ لە مەوپێش نییە، ئێستا کورد زۆر جوان ئەتوانێ بڵێ من کوردم، داوای مافیشی ئەکات، 5 ساڵ لەمەوبەر وانەبوو، لەبەر ئەوە من پێم وایە مرۆڤ هیچ کاتێك نابەزێت، مەرجی مرۆڤ، سنووری مـرۆڤ هـیچ کـات نابـەزێنێت، ئەوانـەی کـە ئەیبـەزێنن بـۆ ماوەیـەکی دیاریکراوە.

*** تـۆ وەك پارێزەرێـك لـە بـواری بـەرگری کـردن لـە رۆژنامەنووسـان کۆمەڵێك ئەزموونت هەیە، ئایا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم حاڵەتانە گرفتـت نایەتـە پـێش؟ دەکـرێ لـەو بـوارەوە ئامـاژە بـە ئـەزموونی رابردووت بکەن؟**

_ ئەو کاتەی رەوشی دیموکراسی لە ئێران باشتر بوو، بە تایبەت لە سـەردەمی خاتـەمی، ئێمـە زۆر جوانتر ئەمانتوانی قسەکانمان بکـەین، کێشـەیەك کـە بـۆ نووسـەر و رۆژنامەنووسـانیان هەڵبەسـتبوو لـە رۆژنامەکان بلاومان ئەکردەوە، لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی دەرەوەش قسەمان لەسەر دەکرد، وەلێ کاتێك سنووریان بۆ ئەمە دانا، ئێمەش خۆ بەخۆ سنوور دادەنێین، ئێمە ئەهاتین قسەکانمان لە دادگا دەکرد، ئەوانیش رووکەشانە ئەیانهێشت قسە بکەین، بەلام گوێیان پێ نەئەدا. ئەوان کە وردە وردە دیموکراسییان سنووردارکرد، پارێزگاری کردن لە نووسـەر و رۆژنامەنووسـانیش بەرتەسـك بـووەوە. بـە بۆچـوونی مـن پارێزەر وەك خوێندکاری ساڵە سەرەتاییەکانە، کە نمرە وەردەگرێت خۆشحاڵ دەبێت، کاتێك ئەو کەسەی کە ئەو پارێزگاری لێکردووە بێ تاوان دەردەچێ، ئەو خۆشحاڵ دەبێت. وەکو ئەوەیە کە ئێمە نمرەی 20مان وەرگرتبێ، بۆ نموونە من بێم لە یەکێك لە ئەندامانی حزبە کوردییەکان بەرگری بکەم، من یان پارێزەرم یان ئەندامی ئەو حیزبەم، ئەگەر من پارێزەر بم ئەبێ لە چوارچێوەی یاسا پارێزگاری لەو بکەم، ئەڵێم ئەم یاسایە کە تۆ هەتە واناڵێ. وەلێ من ئەگەر بڵێم منیش وەك ئەو وام، ئیتر من پارێزەر نییم، من ئەندامی ئەم حزبەم، من کاتێك وەکو پارێزەر ئەچمە نێو دادگا، ئەڵێم من ئەو یاسایەی کە تۆ داتناوە قبوڵمە، لە چوارچێوەی ئەم یاسایە ئەبێ کاربکەین، بەلام کاتێك من بووم بە سیاسەتکار ئیتر جیاوازی لە نێوان پارێزەر و ئەمانە نییە، لەسەر ئەمە رۆژنامەنووسان لە ئێران زۆربەیان من ئەناسن، ئەڵێن فلانە کەس کە دێ پارێزگاری لە ئێمە دەکا، چونکە ئەو ناڵێ منیش وەکو ئەوانم، ئەمە بۆ من جێی شانازییە.

***دەکرێ ئەو رۆژنامەنووسانە بناسین، کە وەك پارێزەرێك بەرگریتان لێ کردوون ؟**

_رۆژنامەنووسـانی خۆمـان (مـادحی ئەحمـەدی- رۆژنامـەی ئاسـۆ، ئەحمەدی نیاز- لە رۆژنامەی نیاز، ئەو وەختە بەرێوەبەری رۆژنامەی (پەیامی کوردستان)ە، د.جەراری زادە، ئاغای عەبدوڵلای سوهرابی-

بەڕێوەبەری ڕۆژهەڵات)، ئەمانە هەموویان گیروگرفتیان بۆ هاتۆتە پێش، من بەناونیشانی پارێزەر بەرگریم لێکردوون.
هەروەها بەرگریم لە (یوسف عەزیزی)، کە عەرەبێکی ئێرانە و دۆستی کاك مەسعود و مام جەلالە کردووە. بوومەتە پارێزەری چەند ڕۆژنامەنووسێکی تورکی ئێرانی و کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی دیکەی بەناوبانگی ئێران. تەنها (گەنجی) نەبێت، ئەوانەی کە من پارێزەریان بووم هیچ یەکێکیان لە زیندان نەماونەتەوە. هەندێکیشیان بۆ نموونە ئاغای باقی حەوت ساڵ و نیو بڕیاری زیندانیان دابوو، لە دوو مۆردە و لە دوو مۆردەش حوکم کرا، ئەو دوو بابەتەش کە بڕیاری یاسایی لەسەر دەرچوو، زیندانیەکەیان کردە نیوە، وتمان ئەوە لەگەڵ یەکدی گونجاو نییە، ماوەی زیندانیەکەیان لە حەوت ساڵ و نیو کردە دوو ساڵ و نیو. ڕۆژنامەنووسێکی تری ئێرانی بە ناوی (عەباس عەبدی) کە ئێستا بەناوبانگترین ڕۆژنامەنووسە، لەئەکبەری گەنجی و ئەوانیش بەسەرەوەیە، ئەو بێ تاوان دەرچوو، ئێستا لەدەرەوەیە. د. هاجەری ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ بە تۆمەتی ئەوەی، کە وتبووی خەڵکی ئێران مەیموون نین، کە لە مامۆستایانی ئایینی تەقلید بکرێت، درایە دادگا، بەڵام دواجار بێ تاوان دەرچوو و ئێستاش مامۆستای مێژوو و فەلسەفەیە.
هەروەها من پارێزەری فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردو زۆر ڕۆژنامەنووسی تر بووم، ئاغای (کوچانی) لە ڕۆژنامەی (شرق)، خانمەکەی کە ئەویش ڕۆژنامەنووسە لەگەڵ دایك و باوکی خانمەکەی. تا ئێستا پارێزەری نزیکەی 120 ڕۆژنامەنووس بوومە، ئێستاش (رامین جیهان بەگلو)، کە ئەهلی فەلسەفەیە لە زیندانداندایە، من ڕامگەیاند کە ئامادەم بەرگری لێبکەم.
***پرسیارێك کە زۆر گرنگە بەلای ئێمە، پرسی داخستنی کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییە، کە زۆر جار لێرەو لەوێ گوێمان لێدەبێت، کە گۆڤارێك پاش ماوەیەکی کورتی کارکردن دادەخرێت، بۆ نموونە هەفتەنامەی ئاشتی، ئاسۆ، بە بڕوای تۆ ئەمانە بۆ دادەخرێن؟ ئایا مەودایەك بۆ پارێزەر دەهێڵنەوە یان ڕاستەوخۆ دادەخرێن؟**
_ ئەمەوێت بڵێم بڕێك لە ڕۆژنامە کوردییەکان، کە دائەخرێن شتی باش بڵاوناکەنەوە. بۆ نموونە ئێمە ئەزانین کە کۆماری ئیسلامی جێگەیەك نیە دیموکراسی تێدا ڕەچاوبکرێت، یان

**کوشتنی شوانەی سەید قادر بە دەستی پۆلیسی ئێران، کوشتنێکی بە ئەنقەست بووە، پێموایە بکوژەکە سزایەکی توندی بەسەردا دەسەپێت.**

ئەگەر دیموکراسیش هەبێت، دیموکراسییێکە کە ئەوان ئەڵێن دیموکراسی، ئەبێ لە چوارچێوەی دین قسە بکەی، دینیش هەموو شتێك ناپێکێ، ئەو دینەی لە ئێران هەیە مەزهەبێکی دیاریکراوە، هەموو ئەو کەسانەی کە پەیڕەوی ئەم مەزهەبەن یەك دیدگایان نییە لە بارەیەوە، لە کاتێکدا لە ئێراندا ئەدیانی تێکەڵاو هەیە، وەڵێ ئیسلام زۆر مەزهەبی هەیە. کەمێك ڕەخنە لە ڕۆژنامەکانی خۆمان ئەگرم، بەتایبەت وەختێك ڕۆژنامەی ئاشتی بڵاودەبووەوە. من دۆستایەتیم لەگەڵ بەهرامی وەڵەدبەگی هەیە، چەند جار سەرنجەکانی خۆم پێدەگوت، دەموت ئەم شتانە مەنووسن، ڕۆژێك دیتم بە مانشێتێکی گەورە بە زمانی فارسی نووسراوە (بغداد در تصرف کوردها)، واتە کوردەکان بەغدایان گرتووە، من بەمە نیگەران بووم. لە ئێراندا ئەمە جێگەی ئاڵۆزییە، من لەگەڵ هەموویان دۆستایەتیم هەیە، ئەبێت ئێمە هەر تەماشای خۆمان نەکەین، تەماشای بەرامبەرەکەشمان بکەین.
ئەو کاتەی کە قەزیەی کوشتنی(شوانەی سەید قادر) بڵاوبووەوە، من هەستم کرد بڕێك لەو شتانەی کە بڵاو دەبنەوە بەم چەشنە نییە، من پارێزەری خانەوادەی شوانەم، ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە ئەوان هەموو کارەکانیان خراپکردووە، بەڵام ئەبێ ئاگاداری خۆمان بین. لە ئێران گەورەترین کێشە کە هەمانە ڕاگرتنی ڕۆژنامەکانی خوێندکارانە، خۆشبەختانە لەدوای خاتەمی لە زۆربەی زانکۆکانی ئێران خوێندکارە کوردەکان ڕۆژنامەیەکی یەك زوبانە، یان دوو زوبانەیان بڵاوکردۆتەوە، ئەم ڕۆژنامە کوردیانە لە زانکۆکان زۆر کاریگەرن، ئێستا هەست و بیری کوردایەتی لەنێو زانکۆکان لە 8 ساڵ لەمەوبەر زۆر زیاترە، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری لەسەر بڵاوکراوەکان دروستکرد. بەڵام خوێندکارەکانی ئێمە بڕێك شت بڵاودەکەنەوە، کە حکومەتی بەرگەیان ناگرێت، حکومەت پێی وایە ئەبێ لەگەڵ زانکۆ و لەگەڵ خوێندکارانیش هەر ئەو هەڵسوکەوتە بکات کە لەگەڵ پیاوێکی کەم ئەیکات. دەسەڵاتی نوێی دوای هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژادیش گوشاری زۆرتری خستۆتە سەر دانیشتوان، ئێستا فشارێکی زۆریان لەسەر ئەم شتانە داناوە، کە مانای ئازادی ئەدات، یان کە دیموکراسی بڵاودەکاتەوە. من لەم ڕۆژانە لە دادگای یەکێك لە خوێندکارەکانی کوردستان ئامادەبووم، بینیم لە دێهاتەکانیش خەڵك ئازادی ئەوەیان نییە سەتەلایتیان هەبێت.
***بەرێزتان ئاماژەتان بە کێشەی شەهید کردنی شوانەی سەید قادر لە مهاباد کرد، وەك پارێزەرێکی بەرگریکار لەم کێشەیە، ئاخۆ مەلەفی شوانەی سەید قادر گەیشتۆتە کوێ؟**
_ کوشتنی شوانەی سەید قادر، لەلایەن پۆلیسی ئێران، کوشتنێکی بە ئەنقەست بووە، شوانەی سەید قادر نە بکوژ بووە، نە هەڵەیەکی کردبوو، نە منالی دزی بوو، هەموو هێنانەوەی ئەم پاساوانە بۆ ئەوە بوو، کە خۆیان لەم دۆسیەیە بێ تاوان بکەن. پاش ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە پێش هات، من لە یەکێك لە سەتەلایتەکانی دەرەوە ڕامگەیاند کە ئامادەم پارێزەری بۆ دۆسیەکەی بکەم، دوای ئەوەی کە من ڕۆیشتم فایلەکەیان نەدەدا دەست. دوای ئەوەی فایلەکەیان پێ دام، زانیم شوانە چەندین بەرخوردی لەگەڵ پۆلیس بووە، ئەو پۆلیسە کە شوانەی کوشتووە بەیەکەوە بوونە، ئەو ڕۆژەش کە ویستویانە شوانە دەستگیر بکەن، چوار نیروی ئینتیزامی لە چوار لاوە ئەو شوێنەی کە شوانەی تێدابووە ئابڵوقەیان داوە، نزیکەی 75 کەس بۆ ئابڵوقەدانی ئەم کوڕە ڕۆیشتبوون، شوانە بەهۆی یەکێك لەو کەسانەی کە لەگەڵیابووە هەواڵیان دابوو، کە ئێمە واین لێرە لە دەرەوەی سابڵاغ، ئەو کاتە شوانە دەردەچێت سواری ماشێنێك دەبێت و ئەچێتە ناو کێوێك، لەوێ ماشێنەکەی ناتوانێت دەربچێت، شوانە دێتە



خوارەوە، لە پێشەوە ئەفسەرێك لە دوور تیرهاوێژی بۆ دەكات، بە پێی یاسا كەسێك كە تیری تێدەگیرێت، ئەبێ لە بەرەو خوارەوە بێت، ئەو كەسەی كە تیرەكەی هاویشتووە ناوی (عەلی شیر زمانی)یە، لە شاری سابلاغ بە عەلی خەتەر ناوی دەركردووە، زۆر گیروگرفتی بۆ خەڵك ناوەتەوە، ئەو ئەچێتە نزیك و شوانە ئەكوژێت، ئەمە كوشتنێكی بە ئەنقەستە، ئێستا فایلی ئەم كێشەیە چۆتە دادگای سەربازی لە ورمێ، لەوە دەكۆڵدرێتەوە ئاخۆ ئەم تیرە هی ئەو كەسەیە، یان یەكێكی تر لە دوورەوە هاویشتویەتی. ئێمە شاهیدەكانی خۆمان ناساندوون، پێم وایە بە گوێرەی فایلەكەی دەركەوتووە بكوژەكەی كێیە، وای بۆدەچم ئەو كەسە سزایەكی سەخت وەردەگرێت، وەڵێ بۆ ئێمە گرنگ نییە، ئەو ئەفسەرەی كە بڕیاری ئەم كارەی داوە ئەفسەرێكی پاسداربووە بە ناوی (سەرهەنگ حەمیدی عوقابی)، هەتا بڕیاری تەقەكردنی لە ئوتۆمۆبێلی باوكی شوانەش داوە، ئێمە داوامان كردووە پۆلیسی ئێران بیناسێنێت، ئەگەر ئەوە نەناسرێت لە واقیعدا یەك كەس ئەبێتە قوربانی بڕیارە نایاسایەكانی ئەم ئەفسەرە، ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی ئەم دوو كەسە دادگایی بكرێن، یەكێكیان دەستگیركراوە، یەكێكیشیان هیچی لەبارەوە ناڵێن.

**_ ئەگەر قسە لەسەر پرسی ئەمڕۆی كوردی بكەین، ئەمڕۆ كورد لە كوردستانی باشوور پێگەیەكی باشتری هەیە، كە لە پێگەی فیدراڵیە، ئەم پێگەیە جگە لەناوەوەی عێراق لە دەرەوەش جێگەی خۆشحاڵی زۆر لە كوردانە، ئایا ئەمڕۆ كە كوردی باشوور ئەو پێگەیەی گرتووە، كوردانی رۆژهەڵات چۆن سەیری دەكەن؟**

_ پێگەی كوردستانی باشوور شتێكی زۆر گرنگە بۆ هەموو كوردان، ئەگەرچی دەوڵەتە دیكتاتۆریەكان وای بڵاودەكەنەوە، كە ئێمە ئەمانەوێت لەگەڵ كوردستانی باشوور ببین بە یەك و دەوڵەتی كوردی بێتە ئاراوە. مومكینە بیری هیچ كوردێك خاڵی نەبێت لەم مەسەلەیە، هەموو كوردێك ئەمەی دەوێت، بەڵام واقیعیەت ئەوەیە كە ئەگەر كورد لەهەر شوێنێك بێت لەم لەحزەیە سوود وەرناگرێت، كورد لە هەر پارچەیەكی كوردستان بارودۆخ و دەرد و جۆری خۆی هەیە، بەڵام دەبێت لەم دەرفەتە سوود وەرگرێت، كوردی عێراق ناتوانێت خەمخۆری كوردی ئێران نەبێت، كوردی باشوور ناتوانێت لە كوردی رۆژئاوا غافڵ بێت، وەڵێ ئەم كارانە ئەبێت بە بەرنامەیەكی جوان بخرێتە رێگا، كە كوردی ئەم چوار پارچەیە لەهەر بارودۆخێك و پلە وپایەیەك چی ئەوێت، ئێمە ئێستا وەكو كوردی رۆژهەڵات ئەگەر بڵێین خودموختاریمان ئەوێت، ناتوانین ئەمە بڵێین، چونكە فشارێكی زۆرمان لەسەرە، دەبێت پێ بە پێ ئەو شتانەی ئەمانەوێت دەستی پێ بكەین. ئەوەی ئێستا لە كوردی ئێران هەستی پێدەكات، بەرەیەك دروستبووە (بەرەی یەككگرتووی كورد).

بەرەی یەككگرتووی كورد سێ شتی ئەوێت، یەكێك دیموكراسییە، تا دیموكراسی نەبێت كورد ناتوانێت بەمەبەستەكانی خۆی بگات، لەبەرئەوە كورد ئەگەر بیەوێت بە مافی خۆی بگات، ئەبێ خەڵكەكانی تر بۆیان روون ببێت، كە ئێمە بۆچی داوای مافی خۆمان دەكەین. ئێمە داوای گەشەی كوردستانمان كردووە وەكو شوێنەكانی تر، كوردستانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ شارەكانی تری ئێران بۆ نموونە ئەسفەهان وەكو تكریت و سلێمانی یان تكریت و هەولێر بووە، لە سەردەمی رژێمی سەدام هیچ جیاوازیەكی نییە، وەكو دیاربەكر وایە لەگەڵ ئەستانبۆڵ وەكو قامشلی وایە لەگەڵ حەلەب و دیمەشق، ئێمە ئەمانەوێت كوردستان هاوشان لەگەڵ جێگەكانی تر پێش بكەوێت، دوای ئەوە شتێكی تر كە ئەمانەوێت دادەوریییە، كە لەگەڵ رۆژنامەنووسان بەداد مامەڵە بكرێت. گەورەتر لەمەش ئەمانەوێت بەشی ئێمە لە ئیدارەی ئەم مەملەكەتە بەبەراورد لەگەڵ كۆمەڵگەكەمان بێت، بەواتای ئەوەی خەڵكی فارس–شیعە– مەزهەبی تر، خەڵكی تورك–جێگەكانی تر، بەیەك ئەندازە لە حكوومەت بەشداریی ئەكەن و بەشیان هەیە، كوردیش بە ئەندازەی كۆمەڵگەكەی 6–10 ملیۆن كەسە، ئێمە ئەڵێین بۆچی هیچ وەختێك وەزیرێكمان لەنێو ئەم حكومەتە نەبێت؟ بۆچی ئەبێ كورد هیچ وەختێك دادوەرێكی لە دیوانی دادگای باڵای ئێران نەبێت.. بۆ كورد هیچ كاتێك جێگر وەزیری نەبێت، بۆ كورد لەنێو ئەرتەشی ئێران بە ژەنەڕاڵی نەگات، هەتا بەشێك لە كوردستان نەتوانێت بچێتە نێو ئەرتەش؟ ئەو شتانەی كە ئێمە ئەیڵێین ئەمانەوێت لەم دادوەرییە بوونی هەبێت. یان ئەڵێین ئەبێت بەشێك لە سەروەتی ئێران لە كوردستان سەرف بكرێت و ئابووری دیاربێت، بۆیە بەرەی یەككگرتووی كورد ئەم شتانەی دەوێت.

## تا ئێستا پارێزەری (120) رۆژنامەنووس بوومە.. ئێستاش ئامادەم بەرگری لە (رامین جیهان بەگلو) بكەم، كە لە زینداندایە.

مـن ئەمـەوێت بـەو برادەرانـەی لـەدەرەوەی وڵاتـن بڵـێم، پێیـان وانەبێت ئێمە لە ئێران ئەتوانین وەك ئەوان لەبن تاوەری ئیڤل و کاتژمێری (بیك بن)  هەمان شتی ئەوان و قسەی ئەوان بکەین، ئەو قسانە ئەبێ لە ناوەوەی ئێران بکرێت، ئەگەر ئێمەش هەستین بچینە ئەوێ وئەو قسانە بکەین هیچ کەڵکی نییە، ئێمە ناتوانین وەك  برادەرانـی دەرەوە قسەی توند بکـەین، وەڵێ ئـەوان هێـرش دەکەنە سەر ئێمە بێ ئەوەی بزانن ئێمە چیمان گەرەکە و چیمان دەوێـت، پێمـان ئـەڵێن بـۆ قـسەی وائەکـەن، بـۆ ئێـوە ئەوەنـدە مەسەلەی کورد کەم دەکەنەوە. ئێمە پێمان وایە دەبێت پـێ بەپـێ بڕۆین، چونکە ئازادی مـەرزی نییـە، ئێمـە ئەگـەر بە مـەرزێك لـە ئازادی بگەین، ئەگەر بە پلەیەکی بگەین، بە هێڵێکی تریشی ئەبێ بگەین.

***ئاماژەت بە دروستبوونی بەرەی یەکگرتووی کوردی کرد، ئایا دەسەڵاتی سیاسـی ئێران چەند حیساب بۆ پێگەی ئەو بەرەیـە دەکات، ئێوە  بە چ جۆرێك مامەڵە لەگەڵ دەسـەڵاتی سیاسـیدا دەکەن؟**

_ ئێمە پێمان وایە کورد لە هەموو جێگەیەکە، تـەنها ناتوانێـت لـە کاتێك قەرار وەرگرێت کە ئۆپۆزسیۆن بێت لەگەڵ حکومەت. کورد لەهەر جێگەیەك ئەبێ کەسانێکی هەبێت لەناوخۆیدا، کە بتوانێـت لە کوردستانیش قسەبکات، نە بەنهێنی بەڵکو بەئاشکرایی، وەڵێ ئەمـە بەمانای ئەوەنییـە، ئەوانـەی کـە بە ئاشکرایی قسە دەکـەن دژی ئەوانـەن، کـە بە نهێنـی کاردەکـەن. لـە تـەواوی دونیا کاتێـك کەسێك کـە بـەنهێنی یان چەکداری کاریان کردووە، بەرەیـەکیان هـەبووە، بەرەیـەکی دیمـوکراتی لـە نـاوەوە، بـۆ نموونـە بـەرەی (شەرەبۆند و مارسی) لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ئەمە بەرەیـەکی دیموکراتیـك بـوو، گـەریلاکان کـاری خۆیـان ئـەکرد و ئـەوانیش کـاری دیموکراتیکیـان ئـەکرد، لـە سـەردەمی شۆڕشـی ئـەیلول وشۆڕشی گوڵانیش کورد لە نـاوەوەی وڵات خـەڵکانێکیان هـەبوو، ئەوانـە لـە زانکۆکـانی هـەولێر و بەغـدا کاریـان دەکـرد، بۆچـی کەسێکی وەك (د.کەمال مەزهەر) خائین بووە، زۆر لـەو کەسانەی لـە حکومـەتیش بـوون، نابێـت بـە خـائین ناویـان ببرێـت، چـونکە قسەیان دەربارەی کورد نەکردووە.

بارودۆخی ئێران وەك عێراق نییە، ئێمـە زۆرشـت دەتـوانین بڵـێین، لە زەمانی سەدام کوردی عێراق نەیاندەتوانی بیڵێت، ئێمە دەڵێین عەدالەتمان دەوێت، داهاتی ئەم مەملەکەتەمان ئەوێت، بەشێك لـە ئیـدارەمان ئـەوێت، ئەمـە پێویـستی بـە زمـانێکی ئاشـکرا هەیـە. ئەگـەر ئێمـە قسە نەکـەین، ئەو کەسانەی لـەدەرەوەن دەنگیـان بە گـوێی هـەمووان ناگـات، هـەروەها تـەواوی ئـەو کەسـانەی لـە دەرەوەی کوردسـتانی باشـوورەوە بـوون دەنگیـان نەدەگەیـشتە تـەواوی کوردسـتان. ئـەوەی کـە سـەدامی دەرکـرد بـە تـەنها پێشمەرگە نـەبوو، رابوونی خـەڵکی هـەولێر و رانیـە و سلێمانی بـوو، ئێمـە ئێـستا 10 ملیـۆن کـورد لـە ئێـرانین، دوو ملیـۆنی لـە دەرەوەی وڵاتـە، تـەواوی ئـەو دوو ملیـۆن کوردەش بـەر بـەرەکانی سیاسی ناکات، هەندێکیان بۆ بازرگانی رۆیشتوونە، هەندێکیان بۆ ئازادی رۆیشتوون، هەنـدێکیان بـۆ خوێنـدن چوونە، دەمەوێت ئـەوە بڵـێم ئێمـە بـەدیلی هـیچ کامێك لەوانـە نـین، چاودێری هـیچ کامێکیان نین، جێنشینی هیچ کامێکیش نین، وەڵێ پێمـان خۆشـە دەنگی کورد بگاتە شوێنی مەبەست. تائێستا حکومەت ئێمەی بە ئۆپۆزسیۆنی رەسمی قبوڵ نـەکردووە، ئەمما خەبـەرمان هەیـە لـە ئیـدارەکان، یـان ئـەو ئیدارانـەی کـە تـابلۆی نییـە، لـە ئێـران بـە



ئیـدارەی ئیتلاعـات یـان سـەفارەت دەڵـێن ئیـدارەی بـێ تـابلۆ، قسەیان لەسـەر ئێمـە کـردووە، بـە زۆر کەسـیان وتـووە ئێـوە لەگـەڵ بـەرەی یەکگرتووی کورد دان.

***بەر لە دامەزراندنی بەرەی یەکگرتووی کوردی لەئێران بۆشاییەکی سیاسـی کـوردی بـوونی هـەبوو، ئایا بە دامەزرانـدنی ئـەم بەرەیـە ئـەم بۆشـاییە پـڕ بۆتـەوە؟ لەلایـەکی تـر چـەند کـوردانی ئێـرە، خـەڵکی سیاسی، خەڵکی رۆشنبیر، لە چوارچێوەی ئەم بەرەیە کۆبوونەتەوە؟**

_ئـەم بۆشـاییە پڕنەبۆتـەوە، چـونکە ئێمـە تـازە دەسـتمان پێکـردووە، بەڵام خەڵك بەم هەنگاوەمان زۆر خۆشحاڵن، چونکە ئەمە یەکەمین جارە ئێمە داوای یەکگرتنمان لە کورد کردووە، یەکەمین جارە وتومانە شیعە و سوونە و کورد جیاوازی نییە، گەورەترین جیاوازی کە لـەنێو کوردی ئێران هەیە، لە نێو کوردی عێراقیش هەیە، ئێوەش ئێستا نەتانتوانیوە فەیلییەکان بەتەواوی بهێننە ناو خەبات، فەیلی بۆ ئەبێت بڕوات لـەژێر ئاڵای ئیبراهیم جەعفەری کاربکات و دەنـگ بـە ئـەو بـدات. ئێمـە یەکـەم جار داوای ئـەوەمان کـرد کـورد جیـاوازی نییـە، کـورد هـەموو بـران لـە دایکبووی یەك دایك و باوکن، ئێستا لـە ئیلام و کرماشـان قوتـابی دێن لەگەڵ ئێمە هاوکاری دەکەن، هەتا ئێمە لە کوردستانی خوراسـان وەکـو (قوچـان _شـیروان_ئەسـفەراین) خـەڵکێکی زۆر هـاتوون، 600 کـەس دەبـن، داوایـان کـردووە ئـەو شـورا کاتییـەی کـە ئێمـە دامانناوە، لـە کوردسـتانی خوراسـانیش دروسـتبکرێت. بـۆ نموونـە لـەنێو شـورای تاران دوو کەسمان لە ئێلی کـەلهوڕن، (ئێلـی کـەلهوڕ) گـەورەترین ئیلـی کوردە وەکو ئێلـی جاف وایـە، کە لای ئێـوە گـەورەترین ئێڵـە. لێرەوە ئەمـەوێت سوپاسـی سـەتەلایتی کوردسـتان بکـەم، کـە رێـوڕەسمی هەڵبژاردنەکـەی ئێمـەیان بـە بایەخـەوە بڵاو کـردەوە، ئەمـە کاریگـەری زۆری هەبوو لەنێو خەڵکی کورد، زۆر خەڵك نەیاندەزانی کە ئەم بەرەیـە هەیە، بەڵام چونکە لە دێهاتـەکانیش تەماشای سـەتەلایتی کوردسـتان دەکەن، بوو بە هۆی ئەوەی خەڵك بزانێت، ئەبێ ئێمەش وردە وردە کار بکەین، پێویستیشمان بە کۆمەکی میدیاکان هەیە.

# کولتوری خەرجکردنی پارە



**بڕیاربوو** باسی ئەمجارەی گۆشەکەم بۆ وەڵامی پرسیارێکی د. سەلاح سۆران تەرخان بکەم لەبارەی ریشەی وشەی (سۆران)، بەڵام تا نووسینی ئەم گۆشەیە تەنها دوو لێکدانەوەم بۆ سەرچاوەی ئەو وشەیە دەسکەوت، پەنا بەخوا لە ژمارەکانی ئایندە، ئەگەر زانیاری زیاتر و لێکدانەوەی دیکەشم دەسکەوت، دەیکەم بە تەوەری ئەم گۆشەیە، یان بابەتێکی تێروتەسەلتر لە نووسینی گۆشەیەك.

بۆیە تەوەری گۆشەی ئەمجارە بۆ باسێکی دیکە تەرخان دەکەم، ئەگەر چی کەمێك دوورە لە کاروباسی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی، بەڵام بە کاریگەری و قەبارەی خزمەتگەیاندنی، لەوانەیە هیچی کەمتر نەبێت لە ساغکردنەوە و زیندوو هێشتنەوەی شانازی و شکۆمەندی رواندز و سۆران، ئەویش پرۆژەی گەشتیاری رواندزە، کە لە ماوەی مانگی رابردوودا لە نێو کۆڕو کۆمبوون و مینبەرەکانی راگەیاندنی سۆران بە خەستی کەوتە نێو قسەو باسان، زۆربەی گۆتنەکانی تایبەت بەم پرۆژەیە ستایشی حازم کوردەی خاوەنی پرۆژەکەی لە خۆگرتبوو، کە ئازایەتیەکی گەورەی نواندووە بە هێنانەوەی سەرمایەکی گەورە بۆ ئەم پڕۆژەیە، لەکاتێکدا تا ئێستا روون نیە ئاخۆ سوود و قازانجی لە ئاست قەبارەی خەرج و ماندووبوونی مسۆگەرە یان نا؟، باسەکان زیاتر دەسخۆشییەکی سەرپێیی بۆ ئەو ئازایەتیە لەخۆ گرتبوو، بەڵام ئەو خاڵەی من دەمەوێت هەڵوەستەی لەبەرامبەر بکەم کولتوری خەرج کردنی سەرمایە و پارەیە.

کۆمەڵناسەکان دەڵێن ئەگەر سەرمایە بکەوێتە دەست خەڵکێکی هۆشمەند و زانا و ژیر و میانڕۆ داهێنانی جوانی لێ وەبەرهەم دێ، بەڵام ئەگەر سەرمایە کەوتە دەست نەزان و گەمژە و توندڕۆییان ئاڵۆزی و توند وتیژی و ئاژاوە و کاری تیرۆریستی لێ دەکەوێتەوە. ئەمڕۆ سەرمایە مەرجێکی سەرەکی بنەڕەتی هێزە، جا ئەگەر ئەو مەرجە کەوتە دەست خەڵکانێکی هاوشێوەی ئوسامە بن لادن و زەرقاوی و شێخ زانا ئەوا هێزەکەیان بە تۆمارکردنی 11سێبتەمبەر و 1 شوبات و سەربڕین و سوتانی تەڕو وشك دەردەبڕن ، ئەگەر هەمان مەرج بکەوێتە دەست ئەلفرید نۆبل و شێخ زاید خەلاتی نۆبل و تاوەرەکانی دوبەی دەبنە هێما بۆ نەمری ئەو خەڵکانە.

بە داخەوە لە نێو زۆرینەی خاوەن سەرمایە و پارەدارانی کورد تا ئێستا کولتوری خەرجکردنی پارە لە پێناو دروستکردنی شکۆمەندییەکی هەمیشەیی هەژارە، زۆرێك لەوان سەرمایەکانیان بۆ چێژێکی کاتی و ئارەزوێکی کورت خایەن خەرج دەکەن، هەروەك هێنانی ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم ، یانیش ریزکردنی خانوو و ئوتومبێلی تازە مۆدیل، کە دەستەبەرکردنیان هیچ شکۆییەکی وایان بۆ تۆمار ناکات، بەڵام خەڵکێکی خاوەن کولتور بە سەرمایەکی کەم دەتوانن شتێکی نەمر و هەتا هەتایێ تۆمار بکەن، ناوی حوسێن حوزنی تاهەتایێ لە تۆماری شکۆمەندی رواندزدا هەر بەنەمری دەمێنێتەوە، کە لە قۆناغێکی مێژوویی لە بری هەر پڕۆژەیەکی بازرگانی چاپخانەی کڕی و بە پشتی هێستر و ولاخان هێنایە رواندز و لەوێی دامەزراند، عەلی بۆسکانی بە دروستکردنی قوتابخانەیەك ناوی خۆی کرد بە ئەستێرەییەکی درەوشاوەی ئاسمانی سلێمانی، حاجی مەشهود بە دروستکردنی دریم ستی ناوی قەت لە بیرەوەری خەڵکی دهۆك ناسڕێتەوە، حازم کوردەش بەم کارەی جارێکی تر روحێکی لەدایکبووی تازەی هێنایەوە بەر رواندز ، ناوی خۆی خستە ریزی وەستا رەجەب و وەستا برایمی ماویلی و سەید تەها فەندی و مامۆستا زرار و دەیان ناوداری تری ئەم شارە.

**بۆتان تەحسین**

40

# ئەوەی حارەبی نەزانێت ناڕواتە بەحەشتیٚ !



فەرزین کەریم

_ **بۆ** ئەوەی هاوکارە جگەرەکێشەکانم لیٚ زوویر نەبن و دڵیان لێم نەئێشێت، لەهەمان کاتیشدا لە ژووری کارکردن جگەرە نەکێشن (واتە بەبەردێك دوو نیشان دەپێکم!)، هەوڵمداوە بە (دەرگا)دا و راستەوخۆ نەچمە ناو بابەتەکەوە، بەڵکو راستەوخۆ خواست و ویستی خۆم گەڵاڵە کردووە و بە (پەنجەرە) لێی وەژوور کەوتووم. ئەویش بە باسکردنی زیانە جیاجیاکانی جگەرە، بەتایبەت کە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هەر دەنکە جگەرەیەك 14 خولەك درێژایی تەمەنی مرۆڤ کورت دەکاتەوە (ئینجا کەینیٚ لێکیدەوە پاکەت خۆرەکان تەمەنیان چەند لە کورتی دەدات!).. بەڵام بیٚ سوود بووە و، مانۆرە بەناو دیبلۆماسییەکەم فەشەلی هێناوە!.

_ ئەویٚ رۆژیٚ، کە ژوورەکە لە هەموو رۆژانی دیکە پتر تەمووموژی دووکەڵی هاوکارە جگەرەکێشە رۆشنبیرەکانمی لە باوەش گرتبوو، چاو چاوی نەدەدیت، هاوکاری جگەرەنەکێشم! کاك (ماجید نوری)، شوکر بۆ خوا بە زەبری لێزەر و بە خێری تەکنەلۆجیا، هەنووکە بەبیٚ چاویلکە باشتر لە جاران دەبینێت و چاوی شەش لەسەر شەشە، خۆی کرد بە ژوورەکە و دوای سەلام کردن، وەکو بڵێی لە چەشنی جاری جاران چاوی کزبێت، لەناو تەمووموژدا زۆر چاوی گێڕاو، ئینجا کەینیٚ خوا رەحمی کرد بە هۆی بەژن و باڵاکەم منی ناسی و دۆزرامەوە!..

دوای ئەوەی لەم تاریکستانەدا، کە گلۆپی نیۆن و بلاجکتۆری سینەماش کاری تێنەدەکرد، شوێنێکی بۆ خۆی دۆزییەوە (دیسانیش باش بوو شەو نەبوو دەنا..)، دواتر وەکو هەموو جاریٚ بابانە و بە گوتارێکی فەلسەفیانە و قووڵ، کە پسپۆرێتی خۆیەتی–رووی تێکردم و گوتی:((بەخوا بازنەی خووگرتن و ئیدمانی جگەرە!...)).

بەگاڵتەوە پێم گوت:((نا!.. وا مەڵیٚ!.. تا دوایین دلۆپی خوێن دەبێت خۆڕاگربین و لەبەرامبەر نیکۆتین بوەستین!.. بمری نیکۆتین!... (ئوحوا ئوحوا! ئوحوا!) بژیت ژینگە و کەش و هەوای بیٚ نیکۆتین!)).

وەکو هەموو جارێك کە بیەوێت بڕواتە ناو ناخی مەنتیق و لۆژیکەوە، لەسەرەتا روخساری لە رادەبەدەر بیرمەندانە دێتە بەرچاو، هەر بەم شێوەیەش کاك ماجید هێڵەکانی سەرو سیمای گۆڕی و گوتی:((مەمنوون بە بەس نیکۆتین بێت!.. دەزانی برادەرێکی فوول تایم جگەرە خۆر! لەم ماوەیەدا چی پێگوتم؟!، گوتی ئێوە چۆن خۆتان بە رۆشنبیر و خوێندەوار دەزانن، بەڵام وەکو ئێمە هەموو شەوێك روو لە نادی ناکەن بۆ خواردنەوە... نەچیە نادی، رۆشنبیر نی!!))

نازانم بۆ لەم قسانەی کاك ماجیددا وەبیری ئەو پرسیارە و وڵامەی نێوان خۆم و شاڕۆژی کوڕەکەم کەوتمەوە، کە پرسی:((بابە! یەکێك سەرخۆش بێت چی لێدێت!!))، منیش دوای کەمێك بیرکردنەوە گوتم:((نەخۆش دەبێت!))، بەڵام بەینی خۆمان بێت! لەم وڵامەی خۆم بۆ شاڕۆژ رازی نەبووم، حەزم دەکرد وڵامەکەم وڵامی ئەو زانایە بووایە کە گوتبووی:((جیاوازی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ لە بیرکردنەوەیە، بەڵام بەداخەوە مرۆڤی سەرخۆش ئەم جیاوازییەی نامێنێت!!..)).

بەقسەی کاك ماجید دووبارە هاتمەوە سەرخۆ، کە گوتی:((ئەو رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند و بەرپرسانەی تا درەنگانی شەو لە نادی دەمێننەوە و، بەیانیش بە سەرخۆشی روو لە شوێنی کارکردنیان دەکەن، دەبێت بەرهەم و داهێنانەکانیان لە چی دابێت و، چی بە موراجیع و خەڵکەکە بکەن؟!..)).

_چەند رۆژێك لەم گفتوگۆیەی سەرەوە تێپەڕیوە، بەڵام قسەی ئەم بەناو رۆشنبیرەی، کە پێیوایە رۆشنبیر دەبێت شەوانە روو لە نادییەکان بکات، رێك بەراورد دەکەم لەگەڵ قسەی کارمەندێکی بەشی خزمەتگوزاری، کە قیچۆکەك خوێندەواری عارەبی هەیە و بەردەوام دەڵێت:((ئەوەی حارەبی نەزانێت ناڕواتە بەحەشتیٚ!..)).